## ژماره ۱۴ **هانا** سالی ۱۹۹۹

**ناوەروک:**


۱ــ خورافه ی دوو هه زار / له یلا قاسمیانی ........................................................ ۲

۲ــ ژنانی کورد له به رانبه رکیی دوو فه رهه نگدا / سو سه ن سه لیم ................................ ۴

۳ــ وینه ی مه سیح له دوزه خی رووانداوه تا شاری کویرانی "ساراماگو" / به کر ئه حمه د ...... ۱۲

۴ــ زمان و ئایین / سلیمان قاسمیانی ............................................................ ۱۶

۵ــ شیعر: گوران، کوژان، حه مه عه لی حه سه ن، خه وله عبدالله سولتان، ئاسو بالا به رز، ره حمان سوفی ........................................................ ۲۱

۶ــ شیعری "جوانی بی ناو" ی گوران به پیتی لاتین ............................................ ۳۳

۷ــ ده ستی کلیسا له جینوسایدی رووندادا / پیتر دال / به یان ناسیح ........................... ۳۴

۸ــ کریکار / ماکسیم گورکی ....................................................................... ۳۷

۹ــ پارله مانی کویت و مافی ده نگدانی ژنان / سه ردار عبدالله ................................ ۴۷

۱۰ــ "نه "ءکانی که ژال ئه حمه د / مه شخه ل .................................................. ۴۹

۱۱ــ له ئاستانه ی دوو هه زاردا / پشکو نه جمه دین .............................................. ۵۱

۱۲ــ بیره وه ری له دایک بوون / خالید بابه زیدی ................................................. ۵۲

۱۳ــهه واله کان راده گه یینن / سه ردار عبدالله .................................................. ۵۳


هەولنامەی کتێب

✻✻✻

# خورافەی دوو هەزار

لەیلا قاسمیانی

ساله کان دین و ده رون و خه لک به شادی یه وه به ره و پیری نوی بوونه وه ی سال ده رون، به و هیوایه ی که سالی تازه خوشی له گەل خوی بینی و ژیانیکی باش و ئینسانی‌تر له دامینی خویدا پەرەوەردە بکات. به لام ئه مجاره له وه ده چی که نوی بوونه وه ی سال شتیکی ئه وتوتر له سالی جاران بیت! ئاخر ئه مسال سالی دووهەزاره (٢٠٠٠)! دووهه م هه زاره له میژووی مروف دا به پیی سالی زایینی. ئایا تیپه ربوونی دوو هه زار سال به سه ر میژوویه کدا خوی له خویدا شتیکی تایبه تی و سه رنج راکیشه؟! له زوریک له ولاتانی دنیادا (لانی که م له و شوینانه ی که سالژمیریان زایینی یه) نوی بوونه وه ی سالی ئه مجاره یان کردووه ته شتیکی زور تایبه تی که که متر له خورافه نیه!

هه ندیک تاقم و گرووپی ئایینیش ئەمساله به سالی نابوودی زەوی و مروف، نزیک بوونه وه ی روژی حه شر، نزیک بوونه وه ی گه رانه وه ی عیسی مه سیح بو سه رزه وی و دامه زراندنی حکومه تی خوا (یان به قه ولی شیعه کان گه رانه وه ی ئیمامی دوانزده، مهدی بو سه ر خاک) راده گه یینن!

ئه گه ر شتیک راست بیت سه باره ت به تایبه تی بوونی نوی بوونه وه ی ئه مسال له چاو سالانی تر، ئه ویش ئیمکانی کولاپس کردنی سیتسمی کامپیوته ری یه له و شوینانه ی که ته کنیک که لکی له چیپس ی کامپیوته ر وه رگرتووه. زوریک لەو سیستمه کونانه بەپیی سالژمیری ١٩٠٠ ساغ کراونەتەوه و له لیکدانەوەکانیاندا سالی "صفر صفر" وه ک سالی ٢٠٠٠، دیاری نەکراوه. هەلبەت لەو شوینانەی که پیراگەیشتبن، ئەو موشکیله چاره سەرکراوه بەلام به هوی به ربلاوبوونی مه سه له که ئیمکانی ئه وه ی که هه ندیک سیسته م راست نه کرابنه وه و هه روا له سه ر هه وای سه ده ی ١٩ دا برون و، ببنه هوی خولقاندنی موشکیله، هه یه!

سیسته می سه رمایه داری جیهانی، به که لک وه رگرتن له بازاری روژنامه گه ری و میدیا له هه ر چوار گوشه ی دنیادا، به چه پله ریزان و هه را و هوریا و غه وغایه کی زوره وه دیانه وی خه لک سه رمه ستی جه ژنی هاتنی سالی ٢٠٠٠ بکه ن و راستی‌یەکانیان له بیر ببەنەوه. بورژواکان دەیانەوی به خەلک بقەبلینن که سالی ٢٠٠٠، سالی خیر و خوشی و بەرکەتە، هەروەک کیسەی پرله سوودی خویان، وەک دەریای کالای ئەمبارکراویان، وه ک زه رق وبه رقی بی پایانی ژیانی خویان، وه ک ئه و نیعمه تانه ی خویان مه له ی تیدا ده که ن و له به ر زوری بیئه ندازه ی تییدا ده رشینه وه، وه ک ئەو دەسکەوتانەی که تەکنیک و زانست به گشتی‌کردوویانە، وەک گەشەی بی سنووری هیز و ئیمکانی به رهه مهینانی مروف که له ژیر رکیفی خویاندایه!

بەلام ئایا به پیی ئەم هەموو گەشه و ئال‌وگوره له تکنیک و لیهاتوویی‌یه له بەرهەمهیناندا، کاری ئینسان، روژکاری ئینسان راحەتتر و کەمتر بووەتەوه؟! ئایا پیشرەفتی تکنیک و بەرهەمهینان له خزمەت ئینسان و راحه ت کردنی ژیانی مروف به کارهینراوه؟! ته نیا نیگایه کی ئاسایی بومان ده رده خا که ئه م ئال وگورانه به چ قیمه تیک هاتوونه دی و چون له دژی ئینسان و راحه تی ژیانی جه ماوه ری به رین خراونه ته کار!

بیکاری به ملیونه ها ئینسان، له هه ر ولاتیک دیارده یه کی ئاشکرای هه موو کومه لگاکانی ئه مروی سه رمایه داری یه. جیاوازی چینایه تی به ینی دارا و نه داری ناو کومه لگا به پیی ئیمکاناتی به رهه مهینانی ئه مروی کومه لگای ئینسانی، زیاتره له سه رده می کویله تی. بیست له سه دی خه لکی جیهان، هه شتا له سه دی هه موو دارایی دنیایان به ده سته وه یه. توندی و خیرایی کار روژ له گەل روژ زیاتر و کوشندەتر بووه و ریژەی ئەو کریکارانەی که به هوی ماندوویی و تصادفاتی سه رکار سه ده مه ده بینن و له کار ده که ون هه ر زیاتر ده بیت.

له باری سیاسی یه وه، ده سه لاتداری یه تی ئه حزابی کونه په رستی راست، به سیاسه تی ناسیونالیستی، راسیستی، فاشیستی و دژایه تی له گه ل بیگانه، سیبه ری ره شی خوی به سه ر زوربه ی ولاتانی دنیادا داکیشاوه. شه ری قه ومی له زور شوینی دنیا بووه به مایه‌ی له به‌ین‌چوونی ملیونه‌ها ئینسان له رواندا‌وه بگره هه‌تا یوگسلاوی و ولاتانی سوفیه تی پیشوو. بورژوازی جیهانی له زور شوینی جیهان، داروده سته و ره وتی ئایینی یان خستووه ته گیانی خه‌لک و جه هه ننه میکی راسته قینه یان بو ئینسان خولقاندووه. تالیبانه کان له ئه فغانستان، ئایه تولڵاکان له ئیران و به نگلادیش و ئه لجه زایر، هیندووه‌کان له هیند، کلیساکان له رواندا، کاتولیکه‌کان له ئامریکا و... هه‌موویان به گشتی نیشانده‌ره‌ی ئه‌و مه یدانه ن که بورژوازی به دلی ئاواله وه پیشکه شی کونه په رستی ئایینی به گشتی ده کات.

سه ره رای پیشره فتی زانست و تکنیک و پزیشکی به تایبه ت له مه یدانی ژنیتیک دا و، ئیمکانی چاره سه رکردنی زور نه‌خوشی، ئیستاش شاهیدی مه‌رگی هه‌ر روژه‌ی ده‌یان هه‌زار ئینسان له ولاتانی ئافریقایی، ئاسیا و ئامریکای لاتینین به نه خوشی زور ساده و ساکار که ده یان ساله ئاسه واری له ئه وروپا نه ماوه و زور راحه ت چاره ده کری.

له ده‌روازه‌ی سالی دووهه‌زاردا شاهیدی کلاوبه‌رداری و حوقه‌بازی سه‌رسورهینه‌ری بورژواکانی ده سه لاتدار له "بازاری ئه‌ورووپای یه‌کگرتوو" داین. به پیی راپورتی بازره‌سه‌کانی "په‌رله‌مانی ئه‌ورووپا" له سالی رابردوودا (واته ۱۹۹۸) نزیکه ی **۵** میلیارد دولار بی سه روشوین بووه و چووه ته گیرفانی چه وری ده سه لاتدارانی ئه وروپا خویان. له و بودجه یه ی که سالی **۱۹۹۸** قه رار بووه سه رفی گه شه پیدانی زراعات و یارمه تیدانی جوتیاران بیت، نزیکه ی **۱۲** میلیارد دولار به ئاشکرا به هه‌له له ده‌ست چووه و که‌وتووه‌ته ده‌می بی بنی کلاوبه‌رداره‌کانی "بازاری یه‌کگرتووی ئه‌ورووپی"! له هه‌مووی سه‌رسورهینه‌رتر ئه‌وه‌یه که ئه‌م راپورتانه که له لایه‌ن خودی په‌رله‌مانی ئه وروپاوه داوای کراوه، یه خه ی که‌سی پی‌ناگیری و تاقه کلاوبه‌رداریکیشی بی شه‌رمه‌زار ناکری! هه‌ر ده‌لیی شاری بیکه سانه! له هه مان کاتیشدا ملیونه‌ها ئینسان له جه‌رگی ئه‌ورووپادا بی کار و ئیش ژیان به سه‌ر ده‌به‌ن و ملیونه‌ها ئینسانی‌تر له‌پشت دیواره کانی ئه ورووپا به برسیه تی سه رده نینه وه و له برسان ده مرن.

له سه ره تای هه زاره یه کی نویدا، دیسان و هه زارباره بی کیفایه تی و گه نیوبوونی سیسته می سه رمایه داری به وپه ری خوی گه یشتووه. ژیانی زوربه ی خه لک نه ک باشتر نه بووه به لکوو خراپ و خراپتر بووه. بیکاری، بی ته ئمینی، هه ژاری، ناراحه تی عصبی و رووحی، نه خوشی جسمی و نه فسانی، فشاری تاقه ت پروکینه ری کار و ماندوویی جسمی و رووحی له موشکلیه کانی زور ئاسایی ئینسانی ئه مرون.

ته واوی ئه و زه رق و به رق و خوسازادان و هه راوهوریایه ی که بورژوازی بو پیشوازی له سالی دووهه زار ده یکا، ته نیا ئارایش کردنی سیسته می سه رمایه داری یه که ده یه وی هه میشه یی بوونی ده سه لاتی خوی به که لک وه رگرتن له هه ر خورافه یه کیش بووبیت، له زه ینی خه لکدا بچه سپینی. ئه وه ی که بورژوازی چه نده بتوانی له م بواره دا سه رکه وتوویی به ده ست بینی، په یوه ندی به چه ند و چونی ئه و جوولانه وه کومه لایه تی یه هه یه که گورینی سیسته می سه رمایه داری له بنه ره ت را به ئه رکی سه رشانی خوی ده زانی. جوولانه وه ی کومونیستی کریکاری ئه و جوولانه وه کومه لایه تی یه یه که ئینسان و ژیانی ئینسان میحوه‌ری بوچوونه‌کانی‌یه‌تی و ته‌واوی توانایی و دارایی و تکنیک و پیشره فتی کومه لگا ده نیته خه زمه ت ئینسان و خیر و خوشی و ئه و!

❊❊❊

# ژنانی کورد:
# له‌ به‌رانبه‌رکێی دوو فه‌رهه‌نگدا!

سوسه‌ن سه‌لیم

قسه و باسیک که له نیوان من و فینوس فایه ق دا سه باره ت به کیشه ی جیابوونه وه به تایبه تی و مه سه له ی ژنان به گشتی له چه‌ند ژماره‌ی رابردووی بلاوکراوه‌ی "په‌یام"دا ده‌ستی پیکردووه، دوایین ئاکامه کانی خوی به بلاوکردنه وه ی وتاریک به ناوی "وه لامیک بو ره خنه یه ک" ــژماره ١٦ی په یامــ له لایه ن فینوس فایه قه وه گه یشتووه. له م وتاره دا فینوس فایه‌ق بو ئه‌وه‌ی بتوانی خوی له ره‌خنه‌یه‌ک رزگار بکات که به‌روکی پیگرتووه، به‌ناچار ده‌رگای چه‌ند مه سه له ی تری خستوته سه ر پشت که راسته وخو گوزارشت له جه وهه ری بیروبوچوونیکی دواکه‌تووانه ده کات که ئه و له ژیر ناوی "خویندنه وه یه کی نوی له مه سه له ی ژناندا" خستوویه تیه روو.

به داخه وه فینوس هه رچه نده وه ک ژنیک قسه ده کات به لام سه رتاپای بوچوونه کانی نه ک هه‌ر دووره له لایه نگری کردن له مافه‌کانی ژنانه‌وه، به‌لکوو راسته‌وخو ره‌واج‌پیده‌ری هه‌مان بیروباوه‌ر و فه رهه نگه که ساله های ساله له لایه ن کونه په رستانه وه داکوکی لیده کری و ده سه لاتدارانیش به زه بری سه رکوت و به ناوی قانوون و داب ونه ریته وه به سه ر کومه لگا دایان سه پاندووه و کردوویانه به‌عه قلیه تی باو. به لام بو ئه وه ی خوینه رانی به ریز له جه وهه ری باسه که دا رابگرم به پیویستی ده زانم جاریکی تر قسه وباسه که بنوسمه وه.

## به‌رانبه‌رکێی دوو فه‌رهه‌نگ، داکوکی فینوس فایه‌ق له چی‌یه؟

فینوس فایه ق ئه وه ده سه لمینی که له نیوان ناوه ندی کومه لایه تی کوردستان و ئه‌وروپادا جیاوازی هه یه، "ناوه ندی یه‌که‌م سه‌خت" و "ناوه‌ندی دووه‌م ساخته"، به‌لام وه‌ختیک ژنانی کورد له نیوان ئه م دوو ناوه ند و دوو فه رهه نگه جیاوازه‌دا داده‌نی و باسی هویه‌کانی جیابوونه‌وه‌ی ژنان دینیته کایه‌وه، ئه‌و ته‌سویره ده‌دات که گوایه کیشه‌ی جیابوونه‌وه ئاکامی نه‌زانی و هه‌له‌شه‌یی ژنان و خراپ تیگه‌یشتنیانه له ئازادی و مافه‌کانی خویان، هه‌ر بویه وه ختیک ده گه نه ئه ورووپا به بی "خوسازدانیکی ده روونی و روشنبیری" و "به بی خویندنه وه ی دوو کتیب له سه ر ئازادی" ده بنه خاوه نی "کارتی بانق"، له ناوه ندی کومه لایه تی خویان یاخی ده بن و ریگای جیابوونه وه ــ ته لاق ــ ده گرنه به ر.

له کاتیکدا ته‌ئکیدی من له سه‌ر ئه‌وه‌یه که کیشه‌ی جیابوونه‌وه له لای ژنانی کورد له ده ره وه ئاکامی نه زانی و هه له شه یی ژنان نیه، به لکو ئاکامی به رانبه رکیی دوو فه رهه نگی پیشکه وتووی دژ به یه که، که ژنان تیایدا توانی ئه وه یان به ده ست هیناوه تا وه ک که سایه تی یه کی سه ربه خو بریار له سه ر ژیانی تایبه‌تی خویان بده ن. به لای منه وه "جیابوونه وه" مافیکی بی ئه م لاوئه ولای ژنانه و ژنانی کورد ئه و که سایه تی یه یان هه یه که بتوانن موماره سه ی ئه م مافه بکه‌ن به بی ئه‌وه‌ی خویندنه‌وه‌ی کتیب و هه‌ر مه‌رجیکی‌تر بویان بکریته پیوانه. به‌لام لیره‌دا ده‌رخستنی ناوه روکی ئه م به رانبه رکی یه پیویسته:

## سه‌ره‌تا، فه‌رهه‌نگی خومالی.

مه‌به‌ست له‌مه چیه؟ ژن به ژنه و چه‌ند ژنه، سه‌رکوت ولیدان و کوشتنی ژنان، فه‌رزکردنی پوشاکی ئاودامان، ریگه گرتن له تیکه لاوبوونی ژنان و به شداری له هه لسوورانی سیاسیدا، له م فه رهه‌نگه دا شه ریعه ت و داب و نه ریتی خیله‌کیتی پیروزه و نابی سه‌رپیچی لیبکری. "په‌رده‌ی به‌کارا" ده‌توانی سنووری نیوان "که‌سایه‌تی بیگه‌رد وپاک"

و "کەسایەتی خیانەتکار" تا رادەی ژیان و مەرگی ژنان دیاری بکات. حەلال و حە رام، زینا، شە رە ف و ناموس، پیوانە مە عنە ویە کانی ئە م فە رهە نگە ن کە جیگا و ریگای ژنان دە بە نە ئە و ئاستە ی کە لایە ک پاشکوی پیاوان بن و بەوانەوە بناسرین و لە لایەکی ترەوە مەیدانیک بن بو روانگەی ئەخلاقی خیزان و خیل و کومەلگا و نەتەوە؛ ئە خلاقیک کە چاوی سیکسی و شە هوانی، هە ستکردن بە حە زە ر و مە ترسی لە سە ر ژنان، دە کاتە سە نتە ر و پانتایی روانگە یە کی کومە لایە تی، "می و نیر"، "کور وکچ" مە رتە بە ی جیاوازی فە ردی و خیزانی و کومە لایە تین.
کاری مالداری و رازیکردنی دلی میرد "ئە رکە سروشتی یە کانی می یینە ی ژنانە". تە نانە ت ئە نجامدانی "کاری ژنانە" لە لایە ن پیاوانە جیگای تە حقیرە. لە م فە رهە نگە دا ماف و ئازادی ژن بە پیوانە ی "بە رە لایی" دە کیشری. ئازادی سە فە ر و مانە وە و زە واج و تە لاق، ئازادی عە شق و چە ندین مافی تری شە خسی قە دە غە یە.
لە یە ک وتە دا فە رهە نگی خومالی تە جسید کردنی ژیردە ستە یی ژنان و دانانی ئە وانە وە ک ئینسانی پلە دوو. ژنانی کورد وە ختیک بە بارقورسی و سلبیاتە کانی ئە م فە رهە نگە و بە سوننە تە کانی "خیزانی کوردی" یە وە دە گە نە ئە وروپا، لە گەل ناکوکی و بەرابەرکی یەکی کومەلایەتی بەرەوروو دەبنەوە، بە تایبە تی کە ناوە ندی ئە ورووپایی نە ک هە ر جیگایە کی بو ئە و سوننە ت و داب ونە ریتە دواکە وتوانە نە هیشتوتە وە بە لکو زوریک لە مافە کانی ژنانی بە رە سمی ناسیوە و ژنان ئەو توانایەیان کەوتوتە دەست کە لانی کەم لە بەرانبەر هە ر جورە دە ستدریژی و جیاکاری یە کی جنسیدا بە شیوە یە کی قانوونی رابوە ستن و کومە لگاش ئە مە ی لە خویدا قبول کردووە. ئە مە جگە لە وە ی کە کوردستان لە ئیستا ولاتیک نیە کە نە ک هە ر قانوون و یاسایە ک بو بە رگری کردن لە کە سایە تی ژنان لە خویدا بە ریوە بە ری، بە لکو چە ند ئە حزابیکی قە ومی و دینی دە سە لاتیان بە دە ستە وە کە خویان لە دژی ژنان، کونەپە رست ترین سیاسە ت و کارنامە یان بە ریوە بردووە.
ژنانی کورد لە دەرەوەی ولات بەم وەزعیەتانەوە و لە میانەی بەرانبەرکیی ئە م دوو فە رهە نگە دا یان لە دریژە ی تەسلیم بوون بە فەرهەنگی خومالیدا دەميننەوە یان، لە گەل ناوەندی تازەدا خویان دەگونجینن و تیکەلاوی فە رهە نگی ئە ورووپی دە بن. بە جیاواز لە م حالە تانە و لە گە ل تە قینە وە ی ناکوکی یە خیزانی یە کاندا، جیابوونە وە و هە لوە شاندنە وە ی خیزان دە بیتە ریگاچارە یە کی نە خوازراو. وە لە م بارە شە وە ژنانی کورد هیندە ماف و کە سایە تیان هە یە کە لە سە ر چارە نووسی ژیانی خویان بریاربدە ن.
بە لام فینوس فایە ق داکوکی لە چی دە کات؟ ئایا ئە و بە لایە نگری کردن لە ژنانە وە رە خنەیە کی هە یە لە فە رهە نگی خومالی؟ ئایا ئە و مافی جیابوونە وە بە رە سمی دە ناسینی و ئە و تە وە قوعە ی هە یە لە ژنانی کورد کە دە توانن ئە م مافە بەریوەبەرن؟ ئایا ئەو لە دژی پیاوسالاری و ناموسپەرستی قسەیەکی هەیە و دەتوانی بانگەوازی دەستبەرداربوون لە داب‌ونەریتی دواکەوتوانەی خومالی بکات و ژنان هانبدات بو تیکەلاوبوون لە فەرهەنگی پیشکە وتووی ئە وروپاییدا؟
بە داخە وە فینوس کە خوی ژنیکە و لانی کە م ئازاری ژنی کوردی چە شتووە، تە نها یە ک وشە دە ربارە ی راستی یە کانی کومەل و دەسەلاتدارانی نالیت. هونەری ئەو، رەخنە لە خودی ژنان خویانە و بەس تا لەم ریگایەوە جاریکی تر سە رنجی رە خنە لە سە ر خودی ژنان بیت و دە ربارە ی نابە رابە ریە کانی نیو کومە ل و پاریزە رانی مانە وە ی بی مافی و ژیردەستەیی ژنان، قسە وباسیک نەیەتە کایەوە. هەر کەس وتارەکانی ئەو بخوینیتەوە دەزانی کە ئەو جگە لە تانە وتە شە ری نە زانی و نە خویندنە وە ی کتیب و روو تیکردنی کویرانە بو دە رە وە ی ولات و یاخی بوون لە میرد و شتی لە م جورە زیاتری بە رچاو ناکە ویت. بو سە لماندنی ئە م قسانە شم باشترە سە رنجی خوینە ران راکیشم بو هە ندی لایە ن لە بوچوونە کانی فینوس کە لە وتاری "وە لامیک بو رە خنە یە ک"دا خستوویە تیە روو.

## کاری ناومال، ئەرکە سروشتییەکانی "مێیینە"، یان ریشەی ستەمکیشی ژنان؟

هەواڵنامەی کتێب

فینوس ده لی: "له میانه ی به راوردکردنی ژنی کورد له گه ل ژنی روژئاواییدا له و رووه وه‌ی که هیچ ژنیکی ئه ورووپایی ئه و توانایه ی ژنی کوردی نیه مال ومیرد به خیوکات و ده شخوینیت و پله وپایه ی پیشه یی ش به ده ست ده هینیت، ئه‌وه‌ش شتیکه که ده‌بیت فه‌خری پیوه بکریت، نه ک شه رمی لیبکریت... چون پیده چیت ئه و خوشکه شه رمه زاربیت له‌وه‌ی ژن به ئه رکه می یینه یه کانی خوی هه ستیت، له وکاته ی کار و پیشه ی ده ره وه ده کات... من باوه رم وایه ئه گه ر ژیرده سته‌یی ژن هوکاره کانی به ریژه جیابکه ینه وه، ریژه یه کی گه وره ی ده گه ریته وه بو کورتبینی و نه زانی خوی، بو ئه و مافانه ی که بو خوی به ره وای ده بینیت... رازیکردنی میرد و منال به خیوکردن ژیرده سته یی یه، له و کاته ی ئه وانه خوی له خویدا ناوه روکی ئه رکه سروشتی یه کانی سه رشانی ئافره تن، به لام کاتیک ده بیته مایه ی ژیرده سته یی کاتی پیاو (میرد) نه فام بیت و ته قدیری ئه و ژنه نه کات"

ته ئکیده کان هی منن.

له‌م قسانه‌دا چه‌ند راستی ده‌رده‌که‌ویت: یه‌که‌م، کاری ناومال ئه‌رکی سروشتی ژنانه و جیگای فه‌خره نه‌ک ژیرده‌سته‌یی ژنان له نیزامیکی کاردابه‌شکردنی کومه‌لایه‌تیدا که خویان هه‌لیان نه بژاردووه. دووه م، ریژه ی گه وره ی ژیرده سته یی ژنان بو خویان ده گه ریته وه ـ یانی کورتبینی و نه زانی ئه وان ـ نه ک بو جیگه و ریگایه ک که کومه لگا به سه‌ر ژناندا دایسه‌پاندووه. سیهه‌م، ئه‌م قسانه‌ی فینوس چه‌ند پرسیار به‌دوای خویدا دینی: بوچی ته حه مولکردنی کاری سه ختی مالداری ده بی جیگای فه خر بیت نه ک ژیرده سته یی، له کاتیکدا ژنان ئه مه‌یان بوخویان هه لنه بژاردووه به لکو داسه پاندراوه به سه ریاندا؟ بوچی کاری نیومال و منال په روه رده کردن و رازیکردنی میرد بوته ئه رکی سروشتی ته نهای ژنان؟ کی ئه م نه زمه ی فه رز کردووه؟ بوچی هه موو ئه مانه نه کراوه ته ئه رکی سروشتی پیاوان؟ ئایا بو ده بی ژنان ببنه مایه‌ی لومه‌کردنی نه‌زانی و کورتبینی، وه‌ختیک له کاری ناومالدا هه موو ته مه نیان بووبیته کویله ی چواردیواری نیومال و روژ تا ئیواره له ماندویتی زور و له کاریکی نابه‌رابه‌ر و بی برانه‌وه‌دا به‌سه‌ربه‌رن؟ له‌م کارانه‌شدا بو ده‌بی ته‌نها ئافه‌رین و تقدیری پیاوان پیوانه‌ی ژیرده‌سته‌بوون و نه‌بوونیان بیت؟ به‌راستی کی ئه‌م نه زمه ی فه رز کردووه؟ ئایا ژنان خویان ئه مه یان خواستووه؟ ئایا ره خنه گرتن له م وه زعه ی ژنان به رهه ق نیه و ناکری بیر له کومه لگایه ک بکریته وه که ئه و ته قسیماته ی له خویدا هه لوه شاندبیته وه؟ ئایا ناکری کاری سروشتی می یینه و نیرینه له کومه لدا به قازانجی یه کسانی ئینسانه کان هه لوه شیته وه؟

به بروای من کاری ناومال ریشه‌ی سته‌مکیشی و ژیرده‌سته‌یی و نه‌زانی ژنانه، که راسته وخو په یوه ندی هه یه به کاردابه‌شکردنی کومه‌لایه‌تی له سیسته‌می ئابوری ئیستادا. دابه‌شکردنی کار له سه ر بناغه ی جنس له کومه لدا، نیشانه‌یه‌که له نایه‌کسانی ئابووری و پیکهینانی ژیرده‌سته‌یی ئینسانه‌کان و راگرتنی نیوه‌ی کومه‌ل له به‌رانبه‌ر نیوه‌که‌ی تریدا. له‌م سیسته‌مه‌دا کاری ژنانه و کاری پیاوانه به پیویست کاری ناومالی کردوته کاریکی سروشتی و ئاسایی به سه ر ژنانه وه، که ته نانه ت کومه لگا ئه وه ی په سه ند کردووه که ئه م جوره کارانه ده بی به بی هیچ کری یه ک و هیچ به‌رابه‌ریک له لایه‌ن ژنانه‌وه ئه‌نجام بدریت. ئه‌مه له کاتیکدا که کاری مالداری کومه ک ده کات بو دووباره به‌رهه‌م‌هینانه‌وه‌ی هیزی کاری پیاوان و ئاماده‌کردنه‌وه‌یان بو سه‌ر کاری سبه‌ی؛ خستنه‌وه‌ی وه‌چه و منالان و گه وره کردنیان وه ک "پیاوانی دواروژ" که خوی دیسانه وه گوشه یه کی تری به رهه مهینانه وه ی ئه م هیزی کاره یه که به شیوه یه کی خوبه خو خزمه ت به دابینکردنی هوکاری به شه ری ده کات بو دریژه پیدانی بواره کانی کاری ده وله ت و نیزامه کومه لایه تی یه کان، به بی ئه وه ی مه سروفاتیک بخاته سه ر ده وله ت و چینه داراکانی کومه‌ل؛ ئه مه ش سه رچاوه یه کی گه وره ی قازانج هینانه بو سه رمایه داران و ده وله ته که یان. هه ر بویه ته واوی ده وله ت و ده سه لاتداران به هینانه کایه ی هه لومه رجی قانوونی دژی ژنان و به سوود وه رگرتن له شه ریعه ت و په ره دان به فه رهه نگی پیاوسالاری ئه م شیوه کاردابه‌شکردنه‌یان کردوته دیارده‌یه‌کی ئه‌به‌دی و ده‌ست لی‌نه‌نراو تا له‌م ریگایه‌وه بناغه‌کانی نایه‌کسانی و

قازانج پە رستی بهیلنە وە و کویلە تی و ژیردە ستە یی ژنانیش بکە نە ئامرازیک لە م سیستە مە دا.
رزگاری ژنان لە ژیردە ستە یی دە بی راستە وخو کوتایی بە م هە لومە رجە بینی. خە باتی ژنان لە زوربە ی ولاتانی دنیا لە پیناو بە کومە لایە تی کردنە وە ی کاری ناومال و بە ماکینە کردنی و هە روە ها کردنی پە روە ردە ی منالان بە ئە رکیکی دەولەت و دانانی دایەنگا و شیرخورگە و چیشتخانەی گشتی و چەندین خزمەتگوزاری تر، لە پال داواکاری بو یەکسانی ژنان و پیاوان و بەدەست هینانی فرسەتی کارکردنی زورتر بو ژنان و داواکاری بو بە شداری ژنان لە کاری بە رهە مهیناندا، سە رە نجام هە موو ئە مانە کومە ک دە کە ن بە باشتربوونی وە زعی ژنان و هە نگاوهە لگرتن بو رزگاربوون لە ژیردە ستە یی یە ک کە لە ئاکامی کاری ناومالە وە بە سە ر ژناندا دادە سە پی. هە ر لە م پە یوە ندی یە دا دە بی ئە وە بە فینوس بلیم کە نە زانی و نە خویندە واری و تە نانە ت نە بوونی فرسە ت بو گویگرتن لە هە والە کانی تە لە فیزیون لە لایە ن ژنانەوە کەمتەرخەمی و تانەیەک نیە لە خویاندا بەلکو ئاکامی گیرودەبوونی ئە وانە بە کاری ناومال و ئە م شیوە کاردابەشکردنەی نیو کومەلەوە، کە بوار نادات بە ژنان دەستیان رابگات بە بوارەکانی خوروشنبیرکردن. بەداخەوە فینوس کە لە دژی ئەم واقعیەتانە قسەیەکی نیە، راستەوخو لە بەرەی داپوشین و پاراستنی موقعیەتی ئیستای ژیردە ستە یی ژنانە وە، ژنانی کورد بانگە واز دە کات و دە لی کاری نیومال بە کاری سروشتی مە ی یینە یی خوتان بزانن و، ئافە رین و تقدیری میردیش بە سە بو ئە وە ی ژیردە ستە نە بن!

## کوچ بەرەو ئەورووپا، مودی روژ یان بیدەرەتانی؟

فینوس لە میانە ی باسە کە یدا دە پرسیت:
"چاوەریی چی لە یەکیک لەو کچانە دەکەیت کە زوربەیان تەمەنیان لە ژیر هە ژدە سالەوە بووە و بە بی هیچ خوسازدانیکی دە روونی و روشنبیری لە ماوە ی یە ک هە فتە دا لە یە کیک لە پایتە ختە گە ورە ئە ورووپایی یە کاندا خوی دە بینیتە وە؟... ئە گە ر نە زانیت بە رە وچی مل دە نیت کویرانە بروات لە ئاکامی (مە سە لە یە کی گە ورە) نە هاتبیتە دە ری، دووچاری کودەتای سەراپاگیر دەبیت. وابزانم نمونە شمان زورە وە کو ئە و خیزانانە ی تەنیا لە بە ر ئە وە ی ئە ورووپا بووە بە مودە مالیان بو فروشت و روویان تیکرد، ئیدی چاوەروانی چیت لەو ژنانەی کە هەموو تەمەنی کتیبیکی نە خویندوتە وە و بە دە گمە ن بە دیار هە والە کانی تە لە فیزیونە وە دانە نیشتوون دیتە ئە ورووپا و هە موو پیوانە کانی لا ون دە بیت..."
دیسانە وە فینوس لە مە سە لە ی هاتنە دە ری ژناندا تە نها سە رنجی رە خنە ی لە خودی ژنان خویانە و بە هیچ جوریک نایە ویت بچیتە سە ر ئە و هە لومە رجە کومە لایە تی یە ی کە هانی ژنان دە دات بو رووکردنە خارج. لیرە دا کە فینوس ئە و هە موو سە رزە نشتە ی ژنان دە کات، ئاخو بوخوی مالی نە فروشتووە وە ختیک هاتوتە دە ری؟ ئایا ئە و لە دە رە وە ی مودی رووکردنە خارجە؟! کی دەزانی کە ئەو چ خوسازدانیکی دەروونی و روشنبیری بووە و لە پیناو چ "مەسەلەیەکی گە ورە ی راستە قینە دا" هاتوتە دە ری، کە وا ئە و هە قە بە خوی دە دات روو بکاتە ژنانی کورد و شە رت و شرووتی هاتنە دە رە وە یان بو دابنی؟ پاشان فینوس بو پیی وایە ئە وانە ی دینە دە ری کتیبیان نە خویندوتە وە و گویگری هە والە کانی تەلەفزیون نەبوون و کویرانە ملی ریگایان گرتووە؟ بو دە بی پیی وابی خوی شتیکە و ژنانی تر شتیکی تر؟! دیسانە وە ئە و "هە موو پیوانانە" چین و چ پیروزی یە کیان هە یە کە لە هاتنە دە رە وە ی ژناندا لە دە ستی دە دە ن!! بە راستی ئە م شیوە بیرکردنە وە یە جگە لە دژایە تی کردنی مافی ئازادی و سە فە ر و هە لبژاردنی شوینی ژیان بو ژنانی کورد هیچی تر نیە.
فینوس بە م شیوە بیرکردنە وە یە دە یە ویت یە ک واقعیە تی کومە لایە تی پە ردە پوش بکات کە هە زاران ئینسانی لە ژن و پیاو ناچارکردووە بە کوچ کردن بو دە رە وە. ژنانی کوردستان کە لە ژیر دە سە لاتداریتی ئە حزابی قە ومی و دینیدا ژیان بە سە ر دە بە ن، روژ نیە چە ندین کارە ساتی بیحورمە تی پیکردن و کوشتن و ئە تک کردن بە ئاشکرا بە رە وروویان نە کریتە وە؛

دەسەلاتیک کە هیشتا کار بە یاساکانی ئەحوالی شەخسی و قەزایی بەعس دەکات و تا بوی کرابی دە سە لاتی کونە پە رستانە ی عە شیرە تی و مە لا و پیاوسالاری بە سە ر ژنانە وە دریژ کردووە، تا رادەی ئە وە ی ژنان لە ترسی تیزاب و هوهاکیشان نە ویرن بینە نیو بازارە کانە وە. ژنانیک کە هیچ جورە ئازادی و مافیکی شە خسیان بە رە سمی ناناسری و لە ویشدا تەوقی پلە دوویی لە گەردنیان دایە، هەقیانە ریگای ژیانیکی ئارامتر و ئینسانی هە لبژیرن و مالیشی بو بفروشن و وە کو فینوسیش چاوە ریی خوسازدانی دە روونی و روشنبیریشی بو نە کە ن.
فینوس نایەویت یەخەی دەسەلاتداران بگری و رەخنە لەو وەزعە بگری کە ژنانی کوردستانی ناچار کردووە بە هە لبژاردنی ریگای ئە ورووپا. قسە کانی ئە و زورتر نزیکە لە قسە ی حیزبە دە سە لاتدارە کانی کوردە وە کە لومە ی خە لکی دە کە ن وە ختیک کە دینە دە رە وە لە کاتیکدا خویان موسە ببی ئە و وە زعە ن.

## لایەنگری لە پاکسازی ژنانی کورد!

فینوس دە لی:
"لە هە مووش گرنگتر خوشکە سوسە ن دیتە سە رباسی ئە و ژنانە ی کە دە کوژران. جاری ئە و ژنانە ژمارە یان لە هە زار تیپە ری نە کرد، ئە وجا کە کوژراون (هە ندیکیان نالیم هە موویان) ئە و چارە نووسە یان پی رە وا دە بینرا دە نا بو من و تو و هە زارانی تر نە کوژران."

ئە م قسانە لە قسە ی مە لایە کی ناموس پە رست و پیاوانیکی دواکە وتووی عە شیرە تی دە چیت تا ژنیک کە لە ئە ورووپا ژیان دەباتە سەر و بە تایبەتی کە جەوهەری ئەم قسانە، تیروانینیکی ئەخلاقیانە یە لە سە ر ژنان؛ تیروانینیک کە سیکسیزم و بە دە نی ژنان بابە تی میحوە ریە کانیە تی؛ ئە مە ش گوشە یە کی سە رە کی هە مان فە رهە نگی خومالی یە کە فینوس هە لگریە تی. فینوس فایە ق کە نایە ویت هویە کانی رە شە کوژی ژنان لە کوردستان بخاتە روو راستە وخو وە کوو ئەقلیەتی دەسەلاتداران، رەوابوونی چارەنووسی کوشتنی هەزاران ژن تەئید دەکات و بەم جورەش باوەشینی ئە خلاقیاتی کونە پە رستی دە کا و دە لی با ئە وانە بکوژرین چون خراپە کارن، ئە دی بو من و تو نەکوژراین!!
بەلام لیرەدا پرسیار ئەوەیە کە تیروری ژنان ئاکامی چیە و ئایا کوشتنی ئەو هە زاران ژنە حوکم و چارە نووسیکی رە وایە؟ لە م بارە وە بیانووی ئە حزابە کوردی یە کان دوو مە سە لە یە کە پیدە چیت فینوسیش هە مان بیانووی هە بیت بو حوکمەکەی: یەکەم، گوایە ئەو ژنانەی دەکوژرین جاسووسن و سەر بە دەولەت بوون. دووە م، کاری بە درە وشتیان کردووە. بیانووی یەکەم کە لە سەرەتای راپەریندا لیستی یەکەمی تیرورکردنی ژنانی پی ئاراستەکرا، لە هەموو درویە ک بی ئابرووتر بوو، بە تایبە تی خە لکی کوردستان ئاگایان لە وە یە کە لە ریزە کانی هە مان ئە و حیزبانە دا کە دە ستیان دایە کوشتنی ژنان، هە ر لە سە رە تاوە سە دان و بگرە هە زاران مستە شاری پیاو و کە سانی سە ر بە رژیمیان لە ریزە کانی خویاندا چە کدار کرد و پلە و پایە شیان پیدان. لە مە ش زیاتر ئە گە ر مە سە لە کە خزمە تکردنی دوژمنانە، ئە وا دە بوایە سە رتاپای کاربە دە ستانی ئە مروی کوردستان رە وابوونی حوکمی مە رگیان بە سە ردابدریت. ئاخر هە ر ئە وان نین بە هەزار و یەک داوەوە خویان بە دژمنانی کوردەوە گریداوە و روژانە لە هاوکاری و پیش‌لەشکری کردنی هیزی سە ربازی دوژمنانی خە لکی کوردستاندان.
سە بارە ت بە بیانووی دووە میش راستی یە کە ی ئە وە یە زوربە ی ئە و ژنانە ی تیرورکراون لە بە ر ئە وە بووە کە ویستوویانە ئازادانە هاوسە ری خویان هە لبژیرن، عە شق بکە ن، جل بپوشن و بە زور نە درین بە شوو. ئە و ژنانە کە حوکمی مە رگیان بە رە وا دە بینری، لە بە ر ئە وە یە کە رازی نین لە بە ر پیوانە ی ئە خلاقی دواکە وتووانە و بە زور لە گە ل میردە کانیاندا بمیننە وە. راستە بە شیک لە م ژنانە لە ئاکامی لە شفروشتندا بوونە قوربانی، بە لام ئاخر بو دە بی لادانی ئە م ژنانە بە هە لە ی ئە خلاق پیوانە بکری؟ بو نابی دیاردە ی لە شفروشی بە لادانیکی کومە لایە تی سە یر بکری و ریشە کە ی ببریتە وە

سه رکومه لگا و ده سه لاتدارانیک که ناتوانن لانی که می بژیو بو ئینسانه کان دابین بکات؟ ئایا که سیک هه یه ئه وه نه زانی که له شفروشی له ئاکامی نه بوونی و هه ژاری و بیده ره تانی خیزانه کانه وه سه رچاوه ده‌گری؟ ئایا وا بیرده که ینه وه که ژنانی له شفروش له ناخی خویاندا خوازیاری ئه م جوره کارانه ن، یان ئه وه وه زعیه تی کومه لگایه که ئه وانی ئیجبار کردووه بو کاریکی وا؟

پاشان، ئه‌م هه‌موو پیوانه ئه‌خلاقیانه کی داینـاون و بو نابی ژیرپی‌بنرین له کاتیکدا که ده‌بن به هوی کوشتنی هه‌زاران ئینسان؟ ئایا ئه‌خلاق به‌و مانایه‌ی که له فه‌رهه‌نگی خومالیدا هه‌ یه تی، پیروزتره له خودی ئینسانه کان خویان؟ ئایا ئه گه ر ئینسانه کان مه رگیان ره وا کرا ئه خلاق مانایه کی ده مینی؟ له به رانبه ر قسه کانی فینوس دا ته نها یه ک وته ده لیم: ئه گه ر بو که سانیک که دوورن له ژیانی مه ده نی و شاری یه وه، حوکمی ئه خلاقیاتی پیاوسالاری و ناموس‌په‌رستی پیوانه‌ی دیاریکردنی ژیانی ئینسان بیت، ئایا ره‌وایه بو که‌سیک که خوی ژنه و له دلی ئه ورووپا ده ژی هیشتا ئه مه پیوانه ی بیت؟ ئه گه ر وانیه ره وابوونی حوکمی کوشتنی ژنان یانی چی؟

## "به‌ره‌للایی". سنووردارکردنی ئازادی یان شمشیری کونه‌په‌رستی؟

فینوس ده لیت:

«به‌لام هه‌موو ناره‌زایی ده‌ربرین و ره‌خنه‌گرتن و کوده‌تاکردنیکیش ئوسولی خوی هه یه، ده بیت هه ر که س داب و نه‌ریتی باو له جیی خویه‌وه بگوریت و به هاوارکردن و دووباره کردنه وه ی "شیعارات" نابیت. ئه وجا "ئازادی" هه یه و "به‌ره‌لایی" هه‌یه. ئه‌گه‌ر داب و نه‌ریت گورین به دابینکردنی "به‌ره‌لایی" بیت، ئه‌وه ئاکامه‌که‌ی شکستهینانه و "ئازادی"ش هه ر نه بیت دوو کتیبی ده ویت له سه ری بخوینیته وه» ـ هیلی ته ئکید هی منن ـ

له مه‌نتقی ئه‌م بوچوونه‌دا گورینی داب‌و نه‌ریت بوته کاری فه‌رده‌کان له شوینی خویاندا چونکه فینوس بروای به دووباره‌کردنه‌وه‌ی شیعارات و هاوارکردنی نیه. ئه‌مه بانگه‌وازیکی ئه‌خلاقی روشنبیریکی ته ریکه تا کرده وه یه ک بو ئالوگوری ژیانی ئینسانه کان. به بروای من داب ونه ریت گورین ئالوگوری ریشه یی کومه لگای ده وی؛ هاتنه مه یدان و راوه ستان له پشتی شیعارات و داخوازیی ده وی؛ بزوتنه وه و خه باتی ده وی. هه ر که سیش پیی وایه هه ولدانی فه ردی له شوینی خوته وه ده توانی داب ونه ریتی باوی کومه لگا بگوریت، ئه وا ئه و که سه بیه ویت و نه یه ویت به کرده وه له ریزی لایه نگران له مانه وه ی داب ونه ریتی باودا راده وه ستی. چونکه له و کاته دا که توی فه رد ده ته ویت له شوینی خوته وه داب ونه ریت بگوری، هه زاران که سی تر و سه دان دامه زراوی سیاسی و کومه لایه تی و قانوونی و ئابووری له کاردان بو هیشتنه وه ی بناغه کانی داب ونه ریتی باو.

به لام من لومه ی فینوس ناکه م چونکه ئه و نه بروای به خه باتی سیاسی ژنان هه یه و نه ره خنه یه کی له داب ونه ریتی باو هه‌یه و نه ده‌یه‌ویت یه‌خه‌ی پاریزه‌رانی داب‌ونه‌ریتی باو بگری. به تایبه تی که سه روبنی قسه ی فینوس هه ر ئه‌وه‌یه: "کتیب بخویننه‌وه چونکه ئازادی کتیب خویندنه‌وه‌ی ده‌وی". به‌لام وه‌ختیک قسه له ئازادی و به ره لا یی یه، باسه‌که قوولتر ده‌بیته‌وه. به بروای من ئازادی مقوله‌یه‌ک نیه له به‌رانبه‌ر به ره لاییدا، چونکه ئازادی خوی له به ر سه‌رکوتدایه، به‌ره‌لایی ته‌نها ده‌توانی سنووردارکردنی ئازادی بیت و به‌س. به واتایه کی تر به مانای فه لسه فی سی کوچکه‌ی "سه‌رکوت ـ ئازادی ـ به‌ره‌لایی" ده‌توانی حاله‌تی قانوونی ماف و ده‌سه‌لاتی ئینسان به سه‌رخوی و ده‌وروبه‌ری له کومه‌لگادا دیاری بکات. له‌م هاوکیشه‌یه‌دا سه‌رکوت، حاله‌تی باوی قانوونی و ماف له کومه لگادا پیناسه ده‌کات، له به‌رانبه‌ردا ئازادی وه‌ک داوایه‌کی شمولی نه‌فی‌سه‌رکوت و حاله تی باوه که ده یه ویت سنووری ده سه لات بشکینی.

به ره لایی نه فی نه فی یه، "نه فی ئازادی" بو ئیعاده ی سه رکوتی پیشوو له قه واره ی حاله تی قانوونی و بی مافی تازه دا و به م جوره ش سنووردارکردنی ئازادی. به م پی یه ش ئه و که سانه ی ده یانه ویت له به‌رانبه ر ئازادیدا به ره لایی بخه نه

روو، بیانه وی و نه یانه وی ئازادی سنووردار ده که ن و به شیوه یه کی تر سه رکوت و ژیرده سته یی راده گرن. فینوس که مه‌علوومی ناکا به‌ره‌لایی له چی؟ کام جوری ئازادی‌یه ناچیته خانی به‌ره‌لایی‌یه وه؟ به ناچار ده که ویته مفهومی ئه‌خلاقی‌یه‌وه و له‌سه‌ر ئازادی. ئاشکرایه که ئازادی سنووردار ده‌کریت و له جه‌رگه‌ی هه‌لومه‌رجی سیاسی و کومه لایه تی و بوونی ئه حزاب و بزووتنه وه کاندا له هه ر کومه لگایه کدا مانای تایبه تی قانوونی و حاله تی فه رهه نگی و سیاسی و ئابووری به خویه وه ده گریت، به لام ئازادی به مانا شمولی یه که ی رزگاری ئه‌وپه ری ئینسانه له هه ر جوره سه‌رکوتیک، له هه‌ر جوره قه‌ید وبه‌ندیکی قانوونی، کومه‌لایه‌تی، ئایینی، ره گه زی، فه رهه نگی، ئابووری؛ ئازادی رزگاربوونی ئینسانه له نیزامی سیاسی و خودی ده وله ت و هه بوونی چینه کان و ته قسیماتی ئابووری و کومه لایه تی و ئایدولوژیا.

ئینسان به ئازادی له دایک ده بیت به لام ئه وه حوکمی هه موو ئه و پیکهاتووانه یه که ئازادی ئه و سنووردار ده که ن. به ره لاییش له م په یوه ندده دا ئامرازیکی فکری و سیاسی و قانوونی یه بو سه رکوت که زورتر له لایه ن کونه په رستان و ده سه لاتدارانه وه ده کریته شمشیریک بو سنووردارکردنی ئازادی له مانایه کی ته سکی دا. فینوس فایه ق که مانای ئازادی له په یوه ند به به ره لایی یه وه پیناسه ناکات ئیمه ناچار ده کات که لیی بپرسین، ئایا ئازادی له چه ند ژنه یی و لیدان و ژن به ژنه و کوشتن و ئه تک کردن به ره لایی یه؟ ئایا ئازادی له فه رهه نگی خومالی و داب ونه ریتی دواکه وتووانه ی پیاوسالاری و ناموس په رستی به ره لایی یه؟ ئایا داواکردنی ژنان بو سه فه ر، هاتوچو، جل پوشین، هه لبژاردنی هاوسه ر و تیکه لاوبوون له گه ل پیاوان به دلخوازی خویان، به ره لایی یه؟ ئایا ئازادی عه شق و داواکاری جیابوونه وه، به ره لایی یه؟ ئایا رزگاربوون له کاری ناومال و هه لوه شانه وه ی کاری کومه لایه تی له سه ر ئه ساسی نیر و می، به ره لایی یه؟ ئایا داواکاری بو راگرتنی تیروری ژنان له ژیر ناوی ئه‌خلاقدا، داواکاری‌یه بو به‌ره‌لایی؟ ئایا داواکاری هه‌لوه‌شانه‌وه‌ی یاساکانی ئه حوالی شه خسی و قه زای حکومه تی به عس و له جیگه یدا دانانی یاسایه کی مودیرن و ئینسانی که مافی یه‌کسانی هه‌مه لایه‌نه‌ی ژنان له گه‌ل پیاواندا بسه‌لمینی، به‌ره‌لایی‌یه؟... فینوس ئه گه ر به چاوی کونه په رستانه وه سه‌یری ئازادی ژنان ناکات و روانگه‌یه‌کی ئه‌خلاقی نیه له سه‌ر خودی ژنانی کورد، ئه وا بوچی باسی به ره لایی له به رانبه ر ئازادی ژناندا دینیته کایه وه!!

## نه‌فی به‌شداری سیاسی ژنان له خه‌باتی سیاسی‌دا له به‌ر چی؟

فینوس له کوتایی بوچوونه کانیدا به وه ده گات که بروای به خه باتی سیاسی و ریکخراوه یی ژنان نیه. ئه وه تا ده لیت:

«به هیچ شیوه یه ک باوه ره م به کارکردن نیه له و ریکخراوانه دا»

له کاتیکدا ئه‌وه‌ش ده‌زانیت که بوونی ئه‌و ریکخراوانه نیشانه‌ی نه‌بوونی ماف و ئازادیه بو ژنان. به‌لام فینوس ریگایه کی تر نیشانی ژنان ده دات ئه ویش ئه وه یه که:

«بوچی هه ر ژنه له جیی خویه وه خه بات ناکات... ئه گه ر ئه م ریکخراوانه هه موویان هه لوه شینه وه ژنان هه ر یه که بو خوی ده زانیت چون مافه که ی خوی دابین ده کات»

من نازانم ئه‌وه ناو بینم چی که فینوس له لایه‌ک و له سه‌رتاپای نووسینه‌کانیدا باسی له‌وه‌یه که ژنانی کورد خوسازدانی ده روونی و روشنبیری یان نیه و کتیبیان له سه ر ئازادی نه خویندوته وه و به دیار هه واله کانی ته له فزیونه وه دانه‌نیشتوون، کاری ناومال بویان بوته سروشتی می‌یینه‌یان و ده‌یان شتی له‌م بابه‌ته، که چی ژنان به ته نهایی و فه ردی جی ده هیلی تا خه بات بو مافه کانی خویان بکه ن. به راستی مه نتقیکی سه یر و پیچه وانه یه! ئه مه له کاتیکدایه که هه موو دنیا ده زانیت ئازادی ژنان و به ده ستهینانی مافه کانیان به ستراوه به به شداری فراوانی ژنانه وه له خه باتی سیاسی و ریکخراوه‌ییدا. هه‌ولی فه‌ردی به هیچ ناگات چونکه ئه‌حزاب و بزوتنه‌وه و قانوون و ده وله ت و ده زگای سه رکوت له ئارا دایه و ژنان به بی هاتنه مه یدانی چالاکانه ی خه باتی سیاسی و ریکخراوه یی‌یه وه ناتوانن له م نیوه دا

مافه‌كانیان به ده‌ست بهێنن. داوایه‌ک كه فینوس بو هه‌لوه‌شانه‌وه‌ی ریكخراوه‌كان ده یكات، بو ئه وه یه كه ژنان له مافی هه لسوورانی سیاسی بی به ش بكات و ئه وان وه ک فه ردیک له كونجی ماله كانیاندا راگری تا خه ریكی ئه ركه سروشتی یه كانی خویان بن.

له كوتایی ئه م باسه دا ده لیم فینوس فایه ق كه داكوكی له مافی جیابوونه وه ی ژنان ناكا و كاری نیومال به سروشتی می ده‌زانی و له به‌رانبه‌ر داب‌و نه‌ریتی باودا داكوكی له فه‌رهه‌نگی خومالی ده‌كا، ته‌نانه‌ت ره خنه یه كی له وه زعانه نیه كه ژنانی یه خسیر كردووه، به لكو ژیرده سته یی و بی مافی ده گه ریته وه بو خودی ژنان خویان و باسی نه زانی و نه خوینده نه وه ی كتیب دینیته كایه وه، له مه ش زیاتر فینوس كه هاتنه ده ره وه ی ژنان به مودیک ده زانی و نایگه‌رینیته‌وه بو وه‌زعیه‌تی كومه‌لایه‌تی. هه‌روه‌ها ئه‌و كه به تیروانینی ئه‌خلاقیانه‌وه له ژن ده‌روانی و حوكمی ره‌وابوونی كوشتنی ژنان ده‌رده‌كات، وه به‌ره‌لایی ده‌كاته پیوانه‌یه‌ک بو سنووردار‌كردنی ئازادی ژنان و له ئاخریشدا خه‌باتی سیاسی ژنان نفی ده‌كاته‌وه و ریگای فه‌ردی هه‌لده‌بژیریت... هه‌موو ئه مانه ئه‌و راستی یه ده سه لمینی كه فینوس نه ک له لایه نگرانی ژنان و مافه كانیان نیه، به لكو بو مانه وه ی ژنان له وه زعیه تی بی مافی و ژیرده سته ییدا هه ول ده دا و خه ریكه له موقعی پاریزگاریكردن له هه مان باوه ری فه رهه نگی كونه په رستانه ی باوی كومه له وه له ژنان ده روانی.
بوچوونه كانی فینوس هینده له دواوه یه كه ناتوانی به سوود وه رگرتن له عیباره تی "من وام وتووه و من وام نه وتووه"، له ره‌خنه‌ی رادیكال و ئینسانی ژنانیک رزگار بكات كه ئومیدیان به خه‌باتی به‌كومه ل و سیاسی و ریكخراوه كانیان به‌ستووه، و راشكاوانه به دژی ژیرده‌سته‌یی و هه‌رجوره بی‌مافی‌یه‌ک، كه له لایه‌ن كونه‌په‌رستانه‌وه به سه‌ریانا داسه پیندراوه، خه بات ده كه ن و خواستی به دیهینانی یه كسانی هه مه لایه نه ی ژنان و پیاوان له كومه لدا بوته شیعاری بزوتنه وه كه یان.

***

هەواڵنامەی کتێب

# له دوزەخی رواندا وه بو دوزەخی شاری کویرانی «ساراماگو» و وینەی مەسیح.

**ئاسو**

من پیم وانییه ئیمه کویر بووین، من پیم وایه که ئیمه کویرین، ئەو کویرانەی که دەبینن، ئەو کویرانه ی که له گه ل ئه وه شدا ده بینن هیچ نابینن.

خوزی ساراماگو_ رومانی "کویری"

له شه مه نده فه ری نیوان ستوکهولم و یوتوبوریدا دانیشتووم و خه ریکی خویندنه وەی دوا هه واله کانی تراژیدیای رواندام. وینه یه ک که بریاره سه رنجی خوینه ر به لای خویدا رابکیشیت، ناوه راستی لاپه ره ی روژنامه که ی داگیرکردووه. مه سیح به سه ر خاچه وه یه و له ته نیشتیدا چه ندین وینه ی فریشته ی بالدار که له شیوه ی مندالدان، ده وری مه سیحیان گرتووه. وینەیەک که ئینسان له زوریک له کلیساکانی دنیادا بەر چاوی دەکەویت. بەلام ئەوەی ئەم وینەیە له هاوشیوه کانی خوی جیاده کاته وه؛ به خوین سووربوونی ناوچه وانی مه سیح و فریشته کانی ده وروبه ری و پریشکی خوینی سەردەر و دیواری کلیساکەیە. ئەو نەفەرەی له تەنیشتمەوه دانیشتووه؛ ئافره تیکی سویدی یه؛ په نجه ده خاته سه ر روخساری به خوین سووربووی مه سیح و به حه سره ته وه پیم ده لی: زور ئاساییه کاتیک خوشەویستی مه سیح له دلی ئینسانه کاندا نه ما، که نیسه کان و روخساری مه سیحیش به خوین سووربیت.

ئەمرو پینج سال بەسەر روخساری مەسیحی کلیسایەک له کلیساکانی رواندادا تیده په ریت و بیر له وته ی هاوسەفەرەکەم دەکەمەوه که له شەمەندەفەری نیوان ستوکهولم و یوتوبوریدا پیی وتم. هاوکاتیش خەریکی خویندنه وه ی وتاری روژنامه نووسی سویدی "پیته ر میردال" م که له "داگینز نیهیته ر" ی سویدیدا بلاوکراوه ته وه. وتاریک دەربارەی هەلسەنگاندنی رولی کلیسایه له جەرگەی جینوسایدی رواندادا. دیاره ئەویش لەبەر روشنایی کتیبه تازه نووسراوه که ی نووسه ری فه ره نسی "کریستیان تیراس" دا که ناونیشانی "شه ره فه له دەست چووه که ی کلیسا" ی له خوی گرتووه. میردال له هه لسه نگاندنی کتیبه که ی تیراسدا؛ گرنگترین هیله گشتیه کانی پروژه ی چوارساله ی تیراس به روشنی ده خاته به ر ده ستی خوینه ر.

ئه وه ی بو من گرنگه له م وتاره دا، روخساره به خوین سووربووه که ی مه سیحه له پروسه ی جینوسایدی رواندادا؛ که تیایدا قوربانیەکانی جینوساید، خوی له یەک ملیون ئینسان نزیک‌کردەوه. جینوسایدیک، به پیی پشکنین و لیکولینه وه کانی "کریستیان تیراس"؛ کلیسا ده بیته یه کیک له جه للادانی له خاچدانی یه ک ملیون ئینسان له رواندادا.

وینه ی مه سیح به سه ر خاچه وه، به یه کیک له به هیزترین سیمبوله کانی ئایینی مه سیحی له قه له م ده دریت. مه سیح به خوی و برینه کانی له شیه وه، سیمای قوربانیه ک ده خاته به ر چاو، که بریاره گوناح و ئازا ره کانی ئینسان به ریت بو لای خوا. ئه م روونکردنه وه یه ده رباره ی مه سیح له سه ر خاچ، هینده ی زرنگانه وه یه کی مه زهه بی له پشتیه وه دەبیستریت، هیندەش ساده و ساکار بووەته وینەی بەرچاو وگومانهەلنەگری ئینسانه کان. دیاره ئه وه شمان له یاد نەچیت که ژیانی دوزەخئاسای ئینسانەکان و بەربلاوی کیشەکانی بیکاری و هەژاری و نەبوونی؛ هاوکاتیش بروا

هەواڵنامەی کتێب

نه بوون به پراکتیکی شورشگیرانه ی ئینسان بو نه هیشتنی مه ینه ت و کویره وه رییه کانی خویان، له هیشتنه وه ی وینه ی مه سیح و هه موو وینه پیروزه کانی تری ئایین‌دا، که بریاره موژده ده رو گه یه نه ری ئه م ده نگه کپ کراوانه بیت به هیزیکی سه رووتر، کومه ک که ر و به زیندوویی هیله ره وه ی سیمبوله پیروزه کانی ئایینه.

ئه م ئایینه هینده ی به وینه ی مه سیحی قوربانی و سه رخاچه وه خوی نیشان ده دات و خوی دووباره ده کاته وه، هینده به ئه سفاره کانی "کتیبی پیروز"وه خوی ناناسینیت. هه ر بویه ش وینه ی مه سیحی قوربانی، ده گوردریت به خالیکی بنه ره تی و سه نته ریکی ئیجگار مه زن له ئایینی مه سیحیدا.

ئه م پروسه یه له ئیسلامدا پیچه وانه یه و موحه مه د ته نها ده بیته بلندگویه ک که خوا ده نگی تیاهه لده بریت. له کاتیکدا مه سیح به سه ر خاچه وه، ئه و روله ناوه ندییه ده بینیت که قورئان له ئیسلامدا هه یه تی.

مه سیحی قوربانی به سه رخاچه وه، هینده جیگایه کی گه وره و ئه فسووناوی داگیرده کات؛ که ئیتر ئینسان ناتوانی ئه و جیهانه له خاچ ببینیت که له پشت خاچه که ی مه سیحه وه ن و ئایینی مه سیحی خولقاندوویه تی. وینه ی مه سیحی قوربانی ده بیته هینده وینه یه کی گه وره، که ئیتر قوربانیه کانی مه سیحیه ت توانای ده نگ هه لبرینیان نابیت و به ژماره ی ملیونی خاچه کانیشیانه وه ناتوانن سامی خاچی مه سیح بشکینن.

مه سیح به سه ر خاچه وه، له سه ر ده ستی بزووتنه وه ی موژده ده ره کانه وه ده گاته زور شوینی دنیا، له وانه ش ئه فریقا. یه کیک له نووسه رانی ئه فریقی ده نووسیت:

«کاتیک موژده ده ره کان هاتن، ئیمه خاوه نی زه ویه کانی خومان بوین و ئه وانیش خاوه نی کتیبه کانی خویان. بو ساتیکی نویژ، چاوه کانمان داخست، که چاومان کرده وه، کتیبه کانی ئه وان به ئیمه بوو، زه ویه کانی ئیمه ش به وان.»

له پروسه ی ئه م زه وی و کتیب گورینه وه دا، رووواندا ده خریته سه ر خاچ و له ماوه ی ۳مانگدا زیاتر له یه ک ملیون ئینسان ده بنه قوربانی.

له دوزه خه کانی جینوسایدی رووانداداا، ژورنالیزمی نوکه ر هینده ی به شوین نیشاندانی کیشه ی ئیتنی رووواندا و دیمه نه سامناکه کانی جه نگه وه بوو، که متر ده هاته سه ر هوکاره واقیعیه کانی جه نگی ناوخوی رووواندا. کاتیکیش کریستیان تیراس "شه ره فه له ده ست‌چووه که ی کلیسا" ده نووسیت، ئیتر په یوه ندیه کانی ده سه لات، چونیتی توانه وه ی ده وله ت و کلیسا له‌ناو یه کتردا به‌جوریک ئاشکرا ده کریت، که ئیتر خاچ و قوربانی له پروسه ی دادگایه کی کافکایانه دا نیشانه یه کی پرسیاری گه وره یان له سه ر داده نریت.

له نیوان دوزه خه کانی ناو و به رده رکی کلیساکانی روواندا و دوزه خی کویرانی رومانی "کویری" نووسه ری به ناوبانگی پورتوغال؛ "خوزی ساراماگو"، وه رگری خه لاتی نوبلی سالی ۱۹۹۸دا، لیکچوون و خالی له یه ک جیاوازی سه یر هه یه.

"ساراماگو" له رومانی "کویری"دا، دوزه‌خیک؛ به هه‌موو ماناکانی خویه‌وه ده‌خولقینیت و شاریکی گه وره ی پر له ئینسانی تی ده ئاخنیت. کویری وه ک تاعوونیکی سپی بی ئامان سه رتاپای شار ده گریته وه. له ناو مال و له سه ر شه قام، له کاتی سیکس و له راوه‌ستانی به‌ر تابلویه‌کدا، تاعوونی کویری سپی، ئینسانه‌کان ده‌خاته جیهانیکی سپی شیره‌نگه وه. به‌بی ئازار و بیده‌نگ، گیژه‌لوکه‌ی تاعوونی سپی شاریک ده‌کاته بی‌چاو. ساراماگو له رومانیکی ئه‌فسووناوی و سه‌رنج راکیشه‌ردا، به شیوه‌یه‌کی ئه‌فسانه‌ئامیز پرسیاری خوی له سه رده مه که ی ده کات: « چی روو ده دات له کومه لگادا کاتیک ئینسانه کان چیدی نابینن.؟»

له شاری کویرانی ساراماگودا، که تیایدا "دوزه‌خ دابه‌زیوه‌ته سه‌رزه‌وی"، له یه‌کیک له پر سیمبول‌ترین به‌شه‌کانی روماندا، ساراماگو کویره‌کان ده‌باته یه‌کیک له کلیساکانی شار. کاتیک پاله‌وانی رومان؛ ژنی دکتور؛ که تاکه چاوساغی شاری کویرانه به میرده که ی ده لیت: که چاوی مه سیح به پارچه په رویه کی سپی توندبه ستراوه؛ چاوی یه ک به یه‌کی وینه پیروزه‌کانی کلیسا؛ په‌یکه‌ره‌کان؛ هه‌موو بی‌گیانه‌کانی ناو کلیسا به په روی سپی به ستراون، شله ژان

ده بیته جووتیک پیی و جه سته ی کویرانی ناو کلیسا له  هیستریایه کی بی وینه دا، ده گه ینیته ده ره وه ی دیواره کانی کلیسا.

سارامـاگو؛ کاتیک قوربانیه کانی خوی له دوزه خی کویر یدا ده کاته کلیسایه که وه و دواتریش له هه لهاتنیکی شیتانه دا ده یـانکـاتـه ده ره وه و ده یـانخاتـه وه ناو ده ریا سپیه کـه ی خویـان و تـاله ده زووه کـانی ئـومیـدی کویـران بـه چـاوی کلیسا ده پچرینیت؛ ده یـه ویت چی بلیت؟ تو بلیی مـه بـه ستی ئـه وه بیت که بـه قوربانیه کانی بلیت: مه سیح و هه موو پیروزه کانی کلیسا هاوبه شی غه می ئیوه ن و ئه وه تا له  گه لتانا کویربوون؟

یـاخود ده یـه ویت بلیت: مـه سیح و هـه مـوو وینه پیروزه کـانیش زاده ی چاوه کـانی ئیوه ن و ئـه وه ئیوه ن کـه بـه هـوی چاوتانه وه ئه وانه ده بینن. کاتیکیش ئیوه نابینن؛ ئه وانیش نین.

تراژیدیای کویرانی رومـانی "کـویـری" سـارامـاگـو، لـه روونکردنـه وه ی دووه میـاندا خـوی ده بینیتـه وه. سارامـاگـو کـه زیاتر ئـازاری خـوینـه ر و قـوربـانیـه کـانی خـوی ده دات، ده یـه وی لـه دوزه خه کـانی کـویـریـدا هینـده ی تـر قـوربـانیـه کـانی لـه دوزه خیکی تری نائومیدیدا قه تیس نه کات. ئاخر ئه وان هه ر روژه له خه سله تی ئینسانی خویان دوور ده که ونه وه و زیاتر به ئاژه ل نزیک ده بنه وه.

به لام ئایا قوربانیه کانی جینوسایدی رووآندا، کاتیک دوزه خی ره شه کوژی سه رتاپای ولات داده گریت رووده که نه کوی؟

«ده مـه و ئیـواره ی ۱۷ی ئـه پـریلی ۱۹۹۴، حـه وت هـه زار ئـاواره ی تـوتسـی ده گـه نـه بـه رده م یه کیک له دیره کانی شاری سـوڤو لـه رووآندا. ئـه وان لـه ده ست ئـه و میلیشیا چـه کداره هـه لهاتـوون کـه هـه ره شـه ی مـه رگیـان لیده کـات. لـه دوای خوشیانـه وه ئـه م هـاواره ده نـگ ده داتـه وه: مـه رگ بـو سیسـارکـه کـه چـه لـه کـان. بـه لام ده رگـاکـانی دیـر بـه روویـانـدا کـلـوم ده دریت. راهیبه کانیش ریبیان ناده ن تا بینه ژوور. یه کیک له راهیبه کان له ئاواره کان دیته پیش و پییان ده لیت: من نامـه وی ئه م شوینه گلاوبکه ن؛ من نامه وی خوینی توتسی له دیره که مدا ببینم. له دوای  شه ش روژ، سه ربازانی هوتو ده گه نه سه ریان و قه تل و عـام ده ست پیده کـات...... کیزیتو؛ یه کیک له راهیبه کانی دیر، ئه و ته نه که به نزینه ی که به ده سته وه یه ده داته ده ست یه کیک له سه ربازانی هوتو؛ تاکو ئه وانه یشی نه کوژراون، ده رفه تی ده رچوونیان نه بیت.»

کیزیتو ته نها نموونه یه کی بچکوله ی ناو کلیسا و دیره کانی رووآندایه.

قوربانیه کانی دوزه خه خویناویه که ی رووآندا، به ئومیدی ئه وه ی قوربانی سه ر خاچ و هه لگرانی په یامی ئه و، هاوبه شی ژیـانـی دوزه خ ئـاسـای ئـه وان بکـه ن، بـه پیچـه وانـه ی قـوربـانیـه کـانی "سـارامـاگـو"وه مـل ده کـوتـن و بـه ره و نـاو کلیسـاکـان خـوده کـوتـن. ئـه وان ئـه و کـویـره چـاوسـاغـانـه ی سـه رده میکـن کـه سـه رمـایـه بـو هیشتنـه وه ی ده سه لاتی خوی له بازاریکدا، رووآندادا، ناسیونالیزم و ئایینی به جوریک له به رچاویان هه لپیکاوه که ئه سته مه بتوانری له یه ک جیابکرینه وه.

قوربانیه کانی ناو کلیسا و به رده م کلیساکانی رووآندا، ئه و کویره چاوساغانه ن که هه ژاری و برسیتی و دوزه خه راسته قینه کانی ژیانی روژانه یان، ئومیدی ژیانیکی باشتر و که م کردنه وه ی ئازاره‌کانیان به چاوه کانی مه سیحی سه ر خاچ سپاردبوو.

هه زاران سال به سه ر بلاو بوونه وه ی ئایینی مه سیحیدا تیده په ریت و هه زاران دارستان له خاچ، له پشت خاچی مه سیحی قوربانیـه وه بـو ئینسـان داده تـاشریت. کـه چی وینـه ی مـه سیح، کـاریزمـای خـوی، وه ک قـوربـانیـیه کی بی گوناح له ده ست نادات. ئه گه ر شه ره کانی صه لیبی و سوتاندنی ئافره تان له سه ر ئاگر له سه ده کانی ناوه راستدا به شیوه ی تارماییه ک خـویمـان نیشـان ده دات و ده نـگی قـوربـانیـه کـانیـان نـابیستین. ئـه وا لـه "شـه ره فـه لـه ده ست چـووه کـه ی کلیسا" دا، هاواری قـوربـانیـه کـان تـه نهـا پینـج سـالی دوانـزه مـانـگی دووره لیمـان و وینـه کـانیشیـان بـه شاشه ی ته له فزیونه کانمانه وه نووساوه‌و لیی نابیته وه.

له رووآندادا، دیدی سارامـاگو بو دوزه خ و قوربانی و کویری به هه موو ماناکانی وشه وه دیار نه بوو. به لام ئایا ده بوایه رووآندا بسووتایـه و بخریتـه سـه ر خـاچ تـاکـو نـه بـووینـایـه تـه: «ئـه و کـویـرانـه ی کـه لـه گـه ل ئـه وه شدا ده بینـن، هیشتـا هیـچ

نابینن.؟» ئایا ئیتر روژی ئەوە نەهاتووە کە مەسیح لەسەر خاچ بهینریتە خوار، تاکو قوربانیە لە خاچ دراوە کانی پشت خاچە کە ی ئە و  دە رکە ون؟ رووان‌دا ئە و پرسیارە لە بە شە ریە تی ئە مرو دە کات.

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# ئایین و زمان

سلیمان قاسمیانی

کومه لگای چینایه تی موری حاشاهه لنه گری خوی له هه موو لایه نه کانی ژیانی ئینسان ده دا. زمان که خوی یه کیک له ئامرازه کانی په یوه ندی مروف له گه ل مروفه به ئاشکرا ره نگی چینه کانی کومه لی پیوه دیاره. زمانی باو، زمانی چینی حاکم و ده سه لاتداری کومه له و مورکی بیر و بوچوون و فه رهه نگ و سیمبول و قه رارداد و نرخه کومه لایه تی و ئینسانی یه کانی ئه وانی پیوه یه. ده سه لاتی فیودالی، فه رهه نگی تایبه ت به خوی هه یه به نرخه ئینسانی یه کانی تایبه ت به خوی و زمانی تایبه ت به و فه رهه نگه . ده سه لاتی بورژوایی ش هه ر به م جوره زمان و فه رهه نگی جیاوازی خوی هه یه.
ئایین لایه نیک له فه رهه نگی کومه لگای چینایه تی یه که ته مه نی کورتر له ژیانی زمان نیه. ئایین وه کوو وه لامی ئینسانی ده سته وه ستان به بیچاره یی مروف له به رانبه ر سروشت و تالی یه کانی ژیان، پی به پیی گورانی ده وره کانی کومه لایه تی هاتووه و به روکی ئینسانی به رنه داوه. ئایین به هوی سروشتی ئیتاعه تی کویرانه له ده سه لاتی مطلق ی خوا، هه میشه لایه نگری ده سه لاتی حاکم بووه، سویندی به سه ری ده سه لاتداران خواردووه و به نوینه ری خوا له سه ر زه وی ناساندوونی. هه ر بویه ش ئایین و ده سه لاتی حاکم به زه حمه ت لیک جیا ده کرینه وه.
دابه ش بوونی کومه لگا به چین و تویژی جیاواز، به قازانج و به رژه وه ندی له یه ک جیاوازه، له خویدا دژایه تی، خه بات و تیکهه لچوونی به رده وام له نیو چینه کاندا پیک دینی. چینی بی ده سه لات و زور لیکراوی کومه ل، ناتوانی له ژیر باری ده سه لاتی چینی بالاده ست بیته ده ر، به ر له وه ی فه رهه نگ و ئاداب و نرخه کانی زورداره کانی نه بردبیته ژیر پرسیار.
زمان یش یه کیک له و لایه نانه یه که ده بی له وباره وه گوارنی به سه ر دابیت و له گه ل ژیانی ئینسانی ئه مرودا، له گه ل نرخه پیشره و و ئینسانی یه کان بیته وه.

## بی‌حورمه‌ت بوونی ئینسان

کاتیک که ئینسان له خویدا ریزی بو دابنریت و نرخی به رز بیت، ئه و کات ئیتر بو سه لماندنی هیچ شتیک پیویست به شتیکی بالاتر له ئینسان خوی، ناکات. ئینسانی به ریز، قسه که شی به ریزه و بو ئیسپاتی هیچ شتیک پیویستی به سویندخواردن نیه. "به خوا"، "به قورئان"، "به پیغه مبه ر"، و هتد به ر له وه ی نیشانه ی به هیزبوونی ئایین بیت، بی هیزی و بی نرخ بوونی ئینسان له کومه‌لگادا پیشان ده‌دات. ئینسان ده‌بی ئه‌وه‌نده ریزی بو دابنری و له سه ر قسه که ی حیساب بکری که مه جبوور به سویندخواردن به ئه م و ئه و و به تایبه ت به و سیمبوله ئایینی یانه نه بی که به ئاشکرا زمان و فه رهه نگی چینیکی ترن و شایانی سرینه وه ن له ئاخاوتن دا.
به بروای من سویند خواردن به هه ر شیوه یه ک بیت هه ر هه مان مانای هه یه واته ئینسان و ریز و ئیحترامه که ی له خویدا بر ناکا و بویه مروف به ناچاری روو ده کاته شتیکی ئه وتو، یا شتیکی به ده ر له خوی بو ئه وه ی باوه ری پی بکری. جا لیره‌دا فه‌رق ناکا سویند به خوا بخوی یان به گوری دایک و باوک یان به گیانی خوشه ویستان. هه ر وه ک وتم ده بی قسه ی ئینسانیک له خویدا کافی بیت. مروف که ده می کرده وه، ده بی فه رز له سه ر ئه وه بیت که راستی ده لیت و هیچ له هاونه وعه که ی ناشاریته وه.

## ئینسانی زەلیل و بی ئیختیار

"خواحافیز" وشه یه کی زور ئاسایی یه  که له روژدا هه زاران جار دیته  سه رزاری خه لک. که م که س بیر له وه ده کاته وه که ئه‌م وشه "بی زه‌ر و زیان"ه ئیهانه‌ته به ئینسان و توانایی خوی له به رگری کردن و پاریزگاری کردن له خوی. ئه م وشه‌یه هه‌ر وه‌ک مه‌زهه‌ب خوی ئی ئه‌و سه‌رده‌مه کونه به هه‌زاران سال به‌سه‌رداچووه یه، که به شه ر له به رانبه ر بچووکترین نه‌خوشیشدا که‌نه‌فت و عاجز بوو و چی له ده‌ست نه‌ده‌هات. هه‌ربویه ش خوا و شیخ و ئه سحابه ی به پاریزگه‌ر و حافزی خوی دا ده‌نا. هی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یه که به‌شه‌ر پیی‌وابوو روژ و ئه ستیره کان به ده وری زه ویدا ده گه رین و حه ره که و بوون و نه بوونی هه موو شتیک له جیهاندا به ده ست هیزیکی سه رووتر له ئینسانه. ئایا کوتایی پیهینانی دیداریک، قسه وباسیک، نامه یه ک... ده بی حه تمه ن ئه م موره ی ئایین له نیوچاوانی بدریت؟

ئه مرو ئیتر له عه سری ئه توم و راگه یاندندا "به خواسپاردن"، به "خدری زینده " و "غه وسی گه یلان"، هیچ ناکری. ئیستا ئیتر نه "یا الله"، نه "ئه م و ئه و سووره ی قورئان"، نه "ده ستی عه لی و عومه ر" هیچیان زه مانه ت و گارانتی هیچ شتیک نین. بو پاراستنی سلامه ت و مال و حال و زه مانه تی خو له سه فه ردا، ئه مرو ده بی رووبکه یه شه ریکه ی پاریزه ری مال که "خدری زینده" به پاسه وانی به رده رگاکه شی قبول ناکا!

ئایا جوانتر و شیرینتر نیه که "لای تو خوش" کوتایی پیهینه ری راویژیکی ته له فونی بیت، و "کاتیکی خوش"، "ژیانیکی شاد"، "بی وه‌ی بیت"، "تا دیداریکی‌تر..." ببیته دوا ره‌سته‌ی دیداره‌کان؟ دیاره که پیاوانی (وه هه روه ها ژنانی...!) ئایین ئه‌مه‌یان به دل نیه و به هه‌موو هیزیانه‌وه هه‌ولی ئه‌وه ده‌ده‌ن که شوینه‌واری ئایین به گشتی له زماندا نه کوژیته وه و بیری نوی و نرخی نوی، زمانی "ره سه ن" کوله وار نه کات!

## هیوا و ئایین

له روانگه ی ئایینه کانه وه، ئینسان گیان له به ریکی بی ئیختیار و ده س به سته ی قه زا و قه ده ره . به پیی ئه م بوچوونه هه‌ر ئینسانیک هه‌ر له روژی له دایک بوونیه‌وه چاره‌ی نووسراوه و ریگه‌ی ده‌رچوون و گورانکاری‌له‌و چاره‌نووسه ناموم‌کینه! ئاکامی ئه‌م شته ده‌بیته ئه‌وه‌ی که ئینسان نه‌توانی له پیشتردا له سه ر هیچ شتیک دلنیا بیت. ئه و مروفه ئیتر ناتوانی له پیشه وه ساغ بیت له سه ر ئه وه ی که فلان کاره ، فیسار ئاکامه ی ده بی، چون هه موو شته که په یوه ند ده دریته وه به ویستی خوا و چاره نووسی ئه و ئینسانه ی که لیره دا مه به سته. هه ر بویه ش ئه و ئینسانه ناچاره دوودلی خوی یا وه‌کوو هیوای خوی به خواستی "خوا"وه ببه‌ستیته‌وه و به "ئینشاالللا" ئه م رازه ده ربری. "ئینشاالله" وشه ی ئه و سه رده مه یه که مروف، هه موو شتیکی گریدرابوو به چونیه تی "ره حمه تی خوا" له باران و هه ور و هه لا و سارد و سه رما، تا وشکانی و قروقاتی و تاعوون و هه زاران مه رگ و نه هاتی تر. ئینسانی ئه مرو نه وه کو ئه وسا گیروده‌ی باران و سات و سه‌رمایه و، نه له به‌رانبه‌ر نه‌خوشی‌یه‌کان و نه‌هاتی یه کانی ئه و کات ده سته وه ستان و زه لیله. ئینسانی ئه مرو به دلنیایی یه وه ده توانی بلی مروف له کوره ی مانگ سه هله، له مریخ یش ده نیشی! ده توانی به دلنیایی یه کی ۹۹،۹ له سه د دا بلی هه وای به یانی له فلان شاره چون ده بیت. ئینسانی ئه مرو ئیتیر بو راگه یاندنی هیوا و ئاواتی خوی پیویستی به تیکلاوکردنی ده سه لاتیکی بالا نیه و ده توانی زور به ئاسایی له جیاتی "ئینشاالله"، هیوای خوی رابگه یینی.

"ئه گه ر خوا بیهه وی" و "خوا بکا" و "ئینشاالله" ئاوینه ی شک و دوودلی ئینسانی سه رده میکی دوورن به خوی، که له سایه ی ئایین و ده سه لاتی چینایه تی که له ئایین وه ک جیهانبینی خوی که لک وه رده گری، دریژه به ته مه نی دراوه.

## بی بەشی و خوبەدەستەوەدان

ئە وە ی کە ئایین هە میشە دە ستی لە دە ستی دە سە لاتدارانی حاکمدا بووە، لە کە م کە س شاراوە یە. ئایین بە ئینسان دە لی کە ئە وە ی بە سە ری دیت لە تال و شیرین و خوش و ناخوش، ئاکامی چارە نووسیکی ئە بە دی یە و مروڤ هیچی بو لە گە ل ناکری. وە ک دە لین "هیچ لە گە ل کاری خوا ناکری". ئە وە ی کە بو مروڤی زە لیل دە مینیتە وە "شوکرانە بژیری" و "شوکر"ی خوایە. تەواوی ئایینەکان، بانگەوازی رازی بوون، و قەناعەت بە چارەی خو، بو ئینسان دەکەن. مە سیحی یە ت بە لایە نگرە کانی پیشنیار دە کات کە لە جوابی زللە یە ک کە لە لای راستی روومە تیان دراوە، لای چە پی روومە تیان بدە نە بە ر دە ستی زللە وە شین! ئیسلامیش سە بارە ت بە بیبە شی و هە ژاری یە ک کە روژانە تووشی خە لک دە بی، داوا لە خە لک دە کا کە دادگە ری بە خوا و بە روژی قیامە ت بسپیرن، واتە "شوکر"ی خوا بکە ن و رازی بن بە قە زا و قە دە ری خوا و کاری خوا مە بە نە بە رپرسیار. "شوکر" و "بە ناشوکری نالیم..." فە لسە فە ی ئیتاعە ت لە حوکمی بالادەست، فەلسەفەی خوبەدەستەوەدان و بەدژ نەوەستان لە بەرانبەر هەژاری و بیبە شی بووە و ئیستاش هە یە. چینی دە سە لاتدار هە ر بویە هە میشە سە ری ریز بو ئایین دادە نوینی و وە ک کولە کە ی ژیانی خوی دەیپاریزی.

## کات و ئایین

ئە گە ر بە دە ست مە لاکانی عهدی بووق، وە کوو تالیبانە کانی ئە فغانستان بووایە، ئە وا سە رتاپای ژینگە ی کومە لایە تی و ژیانی خصوصی ئینسان بە پیی قورئان و شەرعی محمدی (کە ۱۴۰۰ سال لەوە پیش بە سەر کومە لگای ئە و دەمدا سەپیندرا) دابین دەکرا. ئایین زمان و قەرارداد و کاتی تایبەت بە خوی هە یە. تە بیعی یە کە لە روانگە ی پیاوانی ئایینە وە، هە موو شتیک لە ئایینە وە سە رچاوە بگری و بە ئایین کوتایی پی بیت.
نان خواردن بە "بسم الله" دە س پی دە کریت و بە "الحمدالله" و "خوایە بە زیاد بیت" کوتایی پی دیت.
نویژ و روژوو لە پایە کانی دینن و ئایین ئە و ستوونانە بە هە موو هیزیە وە دە پاریزی. ئە وە نە تە نیا نویژکردنە کە یە کە گرینگە، بە لکوو داسە پاندنی نویژ و دام و دە زگاکە ی لە زە ینی خە لکدا وە کوو شتیکی پیروز، حاشاهە لنە گر و وە ک بناخە یە کی کومە لایە تی یە.
هەر لەم رووەوەیە کە "مەلابانگدان"، "نویژی بەیانی"، "نویژی نیوەرو"، "نویژی شیوان"، "نویژی خە وتنان" دە بن بە کاتژمیر و ئامرازیک بو پیوان و دیاریکردنی کاتیکی تایبەت. ئەوەی کە لە سەردە می نەبوونی کاتژمیری میکانیکیدا، هە ندیک دیاردە ی سروشتی ئە م بوشایە ی نە بوونی ساعە تیان پردە کردە وە، تەنیا لایە نیکی مە سە لە کە یە. لایەنی بە هەمان رادە گرینگ، هەولی وشیارانەی ئایینە بو سەقامگیرکردنی رەوشت و عادات و روکن و قە راردادە کانی لە زە ینی خە لکدا.
"جە ژنی قوربان" و "جە ژنی رە مە زان" جە ژنی دینین، بە هە موو سیمبولە کان و ناوە روکە کانیانە وە. ئە و کە سە ی کە ئە م "جە ژنە" جە ژن دە گری و لە کە س وکار و هاوری و هە والە کانی پیروزبایی دە کات، بیە وی و نە یە وی دریژە بە ژیانی ئایین و قە راردادە کانی دە دات.

## "خوا کورانت لینەستینی"

ئەوەی کە هیچ مەزهەبیک دلسوزی ژنان نەبووە و نیە، لە هەموو کەس ئاشکرایە. ژن تازە ئەگەر پلەیەکی

کومه لایه تی له نه زه ر ئایینه وه هه بی، له باشترین حاله تدا ده بیته نزمترین پله ی کومه لایه تی. جا ئیتر هه رچی بلین به هه شت له ژیر پیی دایکان دایه یان له سه ر سه ریانه(!!) فه رقیک له ئه سلی مه سه له که دا ناکات. ئایین به ته واوی پیاوسالاره و له چاوی پیاوانی ده سه لاتداره وه سه یری دنیا ده کات. "به دایکی کوران بی" ره سته ی سه رزاری خه لکه له کاتی دیتن و چاک و خوشی کردن له گه ل یه کتردا. باوه ر ناکه م که س "به دایکی کچان بیت"ی بیستبیت! ئه وه له ن به هوی ئه وه ی که کچان هیچ پله یه کی دلخوازیان له کومه لگای پیاوسالار و ئایینی دا نیه که دایکی بیچاره حه سره تی نه بوونه که ی بخوات. ئه وه کوره که تیره ی بنه ماله دریژه پیده دات و له سه ر میراتی دایک‌وباوک داده نیشیت نه ک کچ! دووهه میش ئه‌وه‌یه که ژنانی کویله و ژیرده‌سته‌ی ئایین و کومه‌لگای چینایه‌تی دژبه ژن، روژی هه زاران جار به گوشت و پیست و خوینیانه وه، ته جره به ی تال و ژاراوی جه هه ننه می ژن بوون ده که ن و ته بیعی یه که خوازیاری کچ نه بن که ئه ویش هه ر به ده ردی خویان بچی!
"خوا کورت پی بیلی" یان "خوا کورت لی نه‌ستینی" ته‌نیا ته‌عبیریکن له‌و راستی‌یه. کچ بو ئه‌وه نابی له خوا بپارییه‌وه که پیت بیلی و لیت نه‌ستینی، چون ئه‌گه‌ر لیشت بستینی گوایه خه‌مه‌که ی زووتر له بیر ده چیته وه و جیگه ی به تالی وه کوو کور له به رچاو نابیت! یان ئه وه ی که کچ به هه ر حال له مال ده ستینری، چون ده بی شوو بکا و له و ماله برواته ده ر و ده بیته که سی مالیکی تر، واته ساحه بیکی تر په یدا ده کا و ئه وسا ئیتر مه سه له و موشکیله ی ساحه بی تازه یه چون له خوا بپاریته وه بو ئه و کچه ی که ئیتر کچ نیه! جا هه رچی هه ندیک مه لای "چاوکراوه ی" ئه مرو سویند و قورئان بخون که محمد "کچی له زینده‌به‌گورکردن" رزگاریدا، ئه‌و راستی‌یه ناتوانی بشاریته‌وه که هیچ ئایینیک له هیچ شوینیکی دنیادا تیکوشه ر و خه باتگیری رزگاری ژنان له کویله تی و سته می پیاوسالاری نه بووه. هیچ بزوتنه‌وه‌یه‌کی دینی له هیچ ولاتیکی ژیرده‌سه‌لاتی سیاسی ئایین‌دا، هه‌لگری ئالای مافی به رابه ری ژنان له گه ل پیاوان نه بووه! ئه خلاقیات و عادات و قه رارداده کانی دژ به ژن له ولاتانی ژیر سه یته ره‌ی ئایین، ئه گه ر ته نانه ت له قورئان و ئینجیل و ته وراتیش دا به ته واوه تی نه نووسرابن، عه مه له ن بوون به به شیک له ئایین.
زوریک له جنیوه‌کانی نیو زمانی کوردی باری سیکسی و پیس و دژی ئینسانی و دژ به ژنیان هه یه. به شیکی زور له‌و جنیوانه‌ش ره‌گه‌که‌یان ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر باوه‌ری ئایینی سه‌باره‌ت به خیزان و قه‌رارداده کومه‌لایه‌تیه‌کان. "حه رامزاده"، له وانه یه وه ک وشه یه کی بی ئازار بیته به ر گویی! زور که س له کاتی تووره بووندا ته نانه ت به منداله کانی خویان ده لین "حه رامزاده ". ئه م وشه یه قه راره ئاگری تووره یی دامرکینی! که وابی ده بی وشه که له خویدا زور به هیز بیت تا بتوانی ئه م کاره ی له ده ست بیت. "حه رامزاده" ئیهانه تیکی گه وره یه له فه رهه نگی ئایینی و پیاوسالارانه و فیئودالیدا. واته به رهه می "بی ناموس" کردن، و "حه یا و شه ره ف"ی بنه ماله یه ک به با دادان! واته منالی "ئیغتساب" و "تجاوز". ئه وه ی که منالی بیچاره چ گوناهیکی کردووه له رووداویکی ئاوادا هاتووه ته دنیا، نه به گویی دیندا ده چی و نه به گویی نیزامی دواکه وتوو و پیاوسالار! به لام هه ر وه ک پیشتر وترا، ده ردی گه وره تر تاوانباری ژنی بی تاوان له و به‌ینه دایه! به وتنی "حه‌رامزاده" ئه‌وه نه‌ک کابرای مه‌وردی نه‌زه‌ر، به‌لکو تیریکه که ده‌هاویژری به‌ره‌و سینگی مه‌وجوودیک به نیوی "ژن"، که به پیی ره‌وایه‌تی دینی "سواری بوون" یان که‌سیک غه‌یری "ساحه‌به دینی و قانوونی یه که ی" نزیکی له گه ل کردووه.
هه مان شت له وشه ی "بیناموس" و "بیشره ف"یشدا ده گاته گویی بیسه ر. "بیناموس" به پیاو ده وتری به لام ده گه ریته وه سه ر ژنی بیچاره و ئاله تی جنسی ئه و! کابرا خوی "بیناموسه"، خوی کلاو له سه ری خه لک ده نیت و له هیچ ناپاکی و نائینسانیه‌تی‌یه‌ک خو ناپاریزی، به‌لام ئه‌وه "ژن"ه‌که‌یه‌تی که ده‌که‌ویته به ر چلکاوی ده می نه یارانی شووه بی مه عریفه ت و حوقه باز و نائینسانه که ی. به وتنی "بیناموس" ئه وه ژنی بیگوناه و بیتاوانه که ئیهانه تی پیده کری نه ک پیاوه که. "بیناموس"ه که له ئه سلدا ژنه که ده گری و رابیته ی جنسی ئه و له گه ل که سیکدا (جا به راست یان به درو)؛ ده خاله تیکی ناره وا و بی چاو و روویه له ژیان و له له شی ژن و تجاوزیکی دووباره یه به ژن .

"بیشره ف"یش زیاتر هه ر هه مان مانای "بیناموس" ده دات و هه ر به و ئه ندازه دژی ژن و دژی ئینسانی یه. هه لبه ت "شه ره ف" ده توانی مانای "شه ره ف"ی غه یره جنسی ش بدات. "شه ره فی ئینسانی" باری جنسی نیه و فه رق ده کات. به لام له کومه لگای پیاوسالار و ئایینیدا ئه وه زیاتر لایه نه دژی ئینسانی و دژ به ژن بوونه که یه که باوه.

## ئایین و سیمبوله‌كانی له هونه‌ر و ئه‌ده‌بیاتدا

کاتیک شوینه‌واری ئایین به تیر و ته‌سه‌لی و پری له زماندا خوی ده‌نوینی، هه‌ر به‌و نیسبه‌ته‌ش له هونه‌ر و ئه ده بیاتدا که زمان ئامرازی سه ره کی ده ربرینیه تی، خوی ده خاته به رچاو. هونه ر و ئه ده بیات ره نگدانه وه ی بیروبوچوون و هه ست و چیژ و هیوا و ئاره زوکانی چینه کانی کومه لگایه. ئه و چینه ی که ئایین هاوده ست و پاریزه ر یه تی، زمان و سیمبوله ئایینی یه کانیش له هونه ر و ئه ده بیاته که یدا به کاردینی. هونه ر و ئه ده بیاتیک که قه راره دژ به ده سه لاتی چینایه‌تی و به‌ش‌مه‌ینه‌تی به‌شی هه‌ره‌زوری کومه‌لگای ئینسانی بیت‌و، بیه‌وی کوتایی به چه وسانه وه ی مروف له مروف بینیت، ناتوانی له زمان و سیمبوله ئایینی یه کان، که به شدارن له به رده ام بوون و ئه به دی کردنی بی به شی و چه وسانه وه ی ئینسان، که لک وه ربگری. من هه ول ده ده م که له ژماره کانی داهاتووی هانا دا وردتر له سه ر ئه م به شه له و باسه بدویم و بوچوونه که م بخه مه به ر ده م خوینه رانی به ریز.

## چ كه‌رده‌ن ؟!

هەواڵنامەی کتێب

ئه‌مرو ته‌نانه‌ت پیاوی ئایینیش ناتوانن به سواری که‌ر بچنه حه‌ج! ئینسانی ئه‌مرو به پیی ده‌سکه‌وته‌کانی کومه لایه تی و فه رهه نگی و تکنیکی پله ی ژیانی خوی ده باته سه ر و به جوریکی تر رووبه رووی دنیا و ژیان ده بیته وه. فه رهه نگ و باری کومه لایه تی ئه و لایه نه له ژیانی ئینسانن که هه ر وا به خیرایی و پی به پیی ئالوگوره ئابووری و تکنیکی یه کان ناگورین و گوارنگاری یان په یوه نده به لایه نی سیاسی و تقابلی بزوتنه کومه لایه تیه کانی له گوره پانی خه باتی هه مه روژه ی نیو کومه لگادا.

هیزی پیشره‌وی کومه‌لگا، هیزی رادیکال، ئه‌و هیزه‌ی که ده‌یه‌وی سیمای ژیان به سوودی زوربه‌ی هه‌ره زوری جه ماوه ری خه لک بگوری، ئه و هیزه ی که بو یه کسانی و به رابه ری له کومه لگادا ده سووتی، ئه و هیزه ی که ده یه وی ئاسه واری چه وسانه وه ی ئینسان له ئینسان نه مینی و دنیایه کی ئازاد و خوش و به رابه ر پیک بینی، ناتوانی و بوی نیه به زمانی چه وسینه ران، به زمانیک که بوگه نی ئیهانه ت و سووکایه تی و تحقیری ئینسان و ئینسانیه تی لی دیت، بدویت! زمانی چینی پیشره وی کومه لگا، زمانی هیزی رادیکال ده بی له گه ل ئاره زوکانی یه کگرتوو بیت و به به رزی و خاوینی ئاسوکه ی بیت. هیزی پیشره و و مودیرن ده بی ته واوی ئه و وشانه ی که ئیهانه ت و سووکایه تی به مروف و مروفایه‌تی‌یه، ئه‌و وشانه‌ی که ئالای ئایین و فه‌رهه‌نگی گه‌نده‌لی پیاوسالارین له زمانی نووسین و ئاخاوتنی بخاته ده ر.

ناکری باوه رت به حورمه تی ئینسان بیت و روژی سه د جار به خوا و پیغه مبه ریک سویند بخوی که باوه ریشت پیی نه بی! ناکری داواکاری دنیایه کی نوی بین و بوگه نی سه ده کانی سه ره تایی له زمان و فه رهه نگدا رابگرین!

***

# ویرانه‌یه

کوژان

ئه م ولاته ده ریا خوینه
شوینی جرج و مورانه یه
خور له حه لقی گه وره م دایه
ده ست و په نجه م وا ته زیوه
خور له گیانما لانه نه کا
بورکانی گر
له سه ر لاشه ی سیس و چرچم
نه کریته وه
به سته لوکی ژانی سرم
ناتویته وه وا رچیوه .

*

چی هه ورازی پشت شکینه
ئاشنای هه نگاوی ماندوومن
له گه ل خه زانی ته مه نما
ریگای دوورم بو بریوه
له هه ر کویه ک قومی تال بی
پیکه مه یی له بیرچوونم له ژیر زه برا بو نوشیوه.

*

ئاخر چی بکه م
به م ئیواره مه رگ له کوله
روو له کوی که م
بو هه ر کوی یه ک
چاوبر ئه کاو گوی ئه بیسی
ژاناو ژه می نان خواردنه و
دولار گه لای ته مه ن ئه چنی.

هەواڵنامەی کتێب

❊

ده ستم بو ده مم راکیشم
توزی له ره نجی خوم بخوم
داخم ده که ن
له پیش چاوی ده زگیرانه ره ش پوشه که م
به په نمه که ن
ئۀ لین نه که ی که ی ره وایه
ئه مه مولکی نوینه ره که ی
مامه خوایه.

❊

له شه وانی
بی مامانی
ئه م ولاته ئاوسه دا
مشتی تیشکی زه وت کراوم بو هه لناکری
شه وه زه نگی بینایی یه که م بتارینم
چی نامویی نیوچاوانی
لاشه و سیس و چرچه کانی
جیهان هه یه بتورینم
بچمه ناخی ئاسمانه وه
په له ی سوزه بی دالده کان ببارینم

❊

سه رمایه شابالی بریوم
هه رچی هیزه لیی دزیوم
سنووره که ی ئه م ولاته
پرچ براوه ی لی چنیوم.

❊

ده پیم بلی له دوو چاوی خوین لیزاوی
ئه م ئیواره کوس که وتووه دا
هه سونه که ی هه واری نویم
بچه قینمه

هەواڵنامەی کتێب

غه ریبستانی چ گلی؟
له ناشتنی ئه ستیره وه
تا کوچی روژ
موسیقای من قولپه ی خوینمه
پاداشته که ی کوتایی ره نج
پر ده می گه وره کانم تف و جوینه

*

ئه وه ی ئیستا په نجه ی زمان
ئه سوی له رقی پیروزم
سوزی ئه تکیته سه رگیانم
له گه ل قاقای سه رکه وتندا
بو مانه وه ی شه وه کانی راسپوتینی
پرسه دائه نی بو سوزم.

سوله یمانی ۲۲_۹_۹۰

***

هەواڵنامەی کتێب

# سەفەریکی نامو یا سەمایەکی شیتانە

ئاسو بالابەرز

سه فه ریکی مه غروورانه مه كه
گوله كه م
با له تیروانینیكی عه به سیانه وه
نه روانمه عه شق
واز له ژیله موی ئه م حه زه دینم
له كول نغروبوونی زه مه ن ده بمه وه
له نهینیه كانی خومه وه
جه ژنیک بو یاده كانت ساز ده ده م
كه ناریه ئاواره كان
دینمه گوره پانی به زم
مه دالیایه ک
بو نه مریت جی ده هیلم
رابردوویه ک ده بیته یادگاری
پریه تی له گول و شیعر و خوشه ویستی
ماله ته نهاكه ت پر بكه له گول
گول نیشانه ی خوشه ویستی یه
پیم خوشه
له گه ل گولا بژین
له گه ل گولا بمرین
با گول دوا كه نار بیت
له نیوانماندا.

له سه فه ره ناوه خته كانی ئه به دیه ته وه
سه مایه كی شیتانه ده كه م
ئه مه سه مای بی تویی یه
له هیچ گوشه یه كدا
ساتیک نه ماوه بو ئارام بوونه وه!
قه ده ریک ناخولقی بو گفتوگو.
بیر له م وشه غه ریبانه مه كه وه
خوت كونجیكت
نه هیشتوته وه بو د ه ربازبوون

هەواڵنامەی کتێب

ئیستا له ناموبوونی خوتا ون ده بیت.

له ئاودامانیک ئاوریشمدا
خه ون ئه تباته وه
چه ند به سته یه ک له عیشق
په نات ده دات
له م زورانبازیه دا ده دوربیت
که س مه که به دوژمن بو عیشق
کی هه یه  حه ز له عیشق نه کات
ماله که ت رووتاندوته وه
گولیکت نه هیشتوته وه بو دیاری
ئه م زه مه نه تیک شکاوانه کو که ره وه
به سته له که کان تیک بشکینه
که ناریک بخولقینه بو گفتوگو
با بو ئه به دی ون نه بیت
با له م غه ریبیه دا نه مرین
با له م کوسکه وتنی عه شقه رزگاربین
با یاخی بین له م هه موو سنووره
با پیکه وه بروین و...
بروین و....
بروین.

هەواڵنامەی کتێب

❊❊❊

# چرکە یاخییەکانی تەمەنیک

حەمە عەلی حەسەن

(١)

لە خالیکی نیوان زە ردە و سپیدە دا

بە شوین  خوش بە ختیا ویلم..

ساتە بە خە م پراوپرە کانی تە مە ن ئە پشکنم،

بە نیازی راوی چرکە یە ک دلنیایی

کە چی ئە و راوچی یە و تە نیا

منیش چیلم...!؟

(٢)

زە مە ن، زە مە نی راونان و

رفاندنی ناودارە یاخی بووە کانە

لە بە هە شتی  خاوە نیتی.

ئە وانە ی لە رە حمی دنیای

بە شکردنی میراتە وە دینە ژیان...

لە گە ل یە کە م زریکە شدا ،

داوای بە شی خویان ئە کە ن لە مژینی

عە تری گولی عومری ئینسان!

زە مە نیکی بی وە فایە...

گچکە قە دری ریش سپیانی کوا لە لایە!

(٣)

هاوکیشە کان... بە رامبە رنین...

لە یە ک جە ستە،

تینی عومریکی لی ئە بریت.

وە یە ک دە ستە،

بە های ساتە گوشراوە کانی پی ئە دریت.

ئە و گولە ی هە وری تە ویلیش

ئاوی دە دات،

هە ر ئە وە هە رزان ئە دزری و

گران ئە دریت.

هەواڵنامەی کتێب

(٤)

که بیده نگی...
گواره یه کی گران به های
نیو پیشانگای
سه ده یه کی زیرفروش بی،
نایکه مه گویی دلداره که م.
نه ئه و دیاری یه کی به رزه
ئه وه نده ی به ژنی دلداری و
نه من چرکه یه کی عومرم
ئه ده م به ریشه ی برینه شیداره که م.

(٥)

ئه که ناری دلنیایی...
ساله هایه، ساله هایه.
شه پوله هه لچووه کانی ناخی په نگم،
خویان له که مه رت ئه سوون...
چرپه یه کت لیوه نایه.
بو نازانیت منیش وه ک مه م
عاشقی گول عوزاریکم...؟!
بو نازانیت منیش ماندووی
ژوانی نیو به هاریکم...؟!
به لام قه یدی نی یه، بی باک
رووی گله یی له تو ناکه م
چونکه بروام به ئینسانه،
ئه بی روژی، گری کویره ت ئاوه لاکه م.

هه ر ئه و روژه ش، خور بو هه موو
چاوی کالی هه لده هینی.
هه ر ئه و روژه ش، بولبولی هه ست
به ئازادی ئه جریوینی.

***

هەواڵنامەی کتێب

# مروڤه به بەرد بووەکان

خەولە عەبدولا سولتان

(١)

هه نگاو ده نیم

به سیبه ری

ئه و روحه ناگه م

خوم تیا حه شار ده م

(٢)

ئای هاوری

له م خه لوه تگا یه

بی گوناهه

له و دوزه خه

پرگوناهه

چه ند شکست و ته نیام

هەواڵنامەی کتێب

(٣)

کی بوو وتی

من و تو هاوری بووین

ئه ی ئه وه نییه

جیهانیک خه فه ت

نیوانمانه...

(٤)

تو یه کجار حه زیکت

سه ربرا

بووی به ده رویش

حه لقه ی زیکرت

له ناوچاوی من گیرا.

ئه ی من

سه ری براوم

بو كام ئاسمانه به رم
دلی شکه ستم
بو كام ئاميز به رم...

(٥)
بی واتا بوون
قسه زل زله کان
تابلو ره نگ مردووه کانی ئه م سه رده مه ی
به به ردبوونی مروڤه کان
ئه وان بوون
به لیواری خه ونه ئیفلیچییه کان
ده رویشتن
هینده ی دی
موته که ی شه ویان لی ده رواند
چه ند برینیک و
چه ند یادیکی پر له حه سره ت و
چه ند درویه کیان جی ده هیشت.

(٦)
ئه موت هاوری
من و تو
یه ک چه قو سه ری بریوین
یه ک ریگاش کوی کردینه وه
ئه ی نازانی له و ساته وه
(قابیل) ده ستی کرد به کوشتنی (هابیل)
هه موو جه ژنه کانمان بوو به پرسه
بو ئه و روژه خوشانه ی
که نه مان بینی...

(٧)
خه ونه کانم نه زوک و
گورانیم سه ردولکه ی
سه رگوری
مردووی بوو...
ئه وه ی خوشم ویست
ئه هریمه نی بوو

هەوالنامەی کتێب

به ماسکی په ری...

(٨)

ئه ی نه م وت

له هیچ زیاتر

بو یه کتر هیچ نه بووین.

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# تاسه و ئاوات

ره‌حمان سوفی

له گوین شه وان
بژوینه میرگی ئه ندیشه.
سواره هه ناسه
له ئه سپی تاسه
له ده روونی گرگرتوودا
ئاهی هه  ناو دووکه ل ده کا.
دلی به سوی سویی بووه وه
بو تام و چیژی...
فریشته ی خه یال و
هیوا
جوان ده نوینی
کیژی به یان
ته رمی ناحه زی ده نیژی.

هەواڵنامەی کتێب

فیبروارى  ١٩٩٧

***

# جوانی بێ ناو

گۆران

قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئه ی کچه جوانه که ی سه رگونا نه ختێک ئاڵ!
ئه ی کچه مه نگه که ی به ده نگی چپه دوو،
گه نده مووی ده م وچاو ، مه چه ک هه ڵنه گرتوو...
ئه ی ئه ندام وردیله ی نه رموله ی ئیسک سووک،
ئه ی به رگی ساکارت دڵگیرتر له هی بووک!
راسته من رێبوارم، سه رپێیی ئه روانم،
به ڵام وا جوانی تو کاری کرد له گیانم،
ئه ڵێی نه ک هه ر ئێستا، عومرێکی درێژه
به و ده ست و په نجانه ت برینم سارێژه!
ئه ی کچه کاڵه که! جوانی تر با زۆر بن،
له باخچه ی به هارا گوڵباخی به رخور بن،
با ره نگیان په رداخت بێ و جێگه یان سه ر چل بێ،
به واته ی خه ڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ،
گیانی من بو ته لی وه نه وشه په روشه،
که له ژێر سێبه ری تووترکا خاموشه!
له هه موو ئاسمانا ئه ستێره ی به ربه یان!
ئه خاته دڵی من هه ستێکی سپی و جوان!
له ته ختێک هه ڵده ستی هه زار و یه ک نه غمه:
ئه وه یان شیرینتر دێته گوێم زۆر نزمه!
کانی یه کی روونی به ر تریفه ی مانگه شه و:
له بنیا بڵه رزی مرواری زیخ و چه و،
جوانتره له لای من له ده ریای بێ سنوور
شه پولی باته به ر تیژگی روژ شلپ و هوور!
قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئه ی کچه جوانه که ی سه رگونا نه ختێک ئاڵ!
ده ربه ست نیم رێبوارم، ده ربه ست نیم ره وته نیم،
ئه زانی شپرزه و ده ربه ستی ئێجگار چیم؟
هی ئه وه ی نیگارێک له یادم کێشراوه
شوخێکی نایابه، به ڵام ئاخ، بێ ناوه!

***

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ء | ’ |
| ب | Bb |
| پ | Pp |
| ت | Tt |
| ج | Cc |
| چ | Çç |
| ح | Ḥḥ |
| خ | Xx |
| د | Dd |
| ر | Rr |
| ڕ | Ṛṛ |
| ز | Zz |
| ژ | Jj |
| س | Ss |
| ش | Šš |
| ع | ‘ |
| غ | Ẋẋ |
| ف | Ff |
| ق | Qq |
| ڤ | Vv |
| ک | Kk |
| گ | Gg |
| ل | Ll |
| ڵ | Ḷḷ |
| م | Mm |
| ن | Nn |
| و | Ww |
| ه | Hh |
| ی | Yy |
| ا آ | Aa |
| ئه | Ee |
| ئێ | Êê |
| ِ (ساکن) | I i |
| ئی | Î î |
| ئۆ | Oo |
| ئوێ | Öö |
| ئو | Uu |
| ئوو | Ûû |

# Ciwanî bê naw

**Goran**

Qij kalî lêw alî, piršêngî nîga kal
ey kiçe ciwanekey ser gona nextêk al

Ey kiçe mengekey be dengî çipe dû
gendemûy dem u çaw, meçek helnegirtû

Ey endam wirdîlêy nermoley êsik sûk
Ey bergî sakarit dilgîr-tir le hî bûk!

Rast e min rêbwarim, serpêyî erwanim
Belam wa ciwanî to karî kird le gîanim

Elêy nek her êsta, ’umrêkî dirêj e
bew dest u pençanet birînim sarêj e!

Ey kiçe kaleke! Çiwanî-tir ba zor bin,
le baxçey behara gulbaxî ber xor bin,

ba rengyan perdaxt bê w cêgeyan ser çil bê,
be watey xelkî-tir ba nawyan šagul bê,

gyani min bo telê wenewše peroš e,
ke le jêr sêberî tûtirka xamoš e!

Le hemû asmana estêrey berbeyan
exate dilî min hestêkî sipî ciwan!

Le textêk heldestê hezar û yek nexme:
eweyan šîrîn-tir dête gwim zor nizm e!

Kanyekî rûnî ber tirîfey mangešew
le binya bilerzê mirwarî zix u çew

ciwan-tire le lay min le deryay bê sinûr
šepolî bate ber tîjkî roj, šilp u hûr!

Derbest nîm rêbwar-im, derbest nîm rewtenîm,
ezanî šipirze w derbestî êcgar çîm?

Hî ewey nîgarêk le yadim kêšrawe,
Šoxêkî nayab e, belam ax, bênaw e!

# جینوسایدیک کە کومەکی لە کلیساوە وەرگرت
## (رانانی کتیب)

**ناوی کتیب: شەرەفە لە دەستچووەکەی کلیسا**

**Lhonneur perdude IEglise**

**نووسینی: کریستیان تیراس**

**رانانی بە سویدی: پیتەر میردال. روژنامەی داگینز نیهیتەر**

**وەرگیرانی بو کوردی: بەیان تاسیح**

دەمەو ئیوارەی ١٧ی ئەپریلی سالی ١٩٩٤، حەوت هەزار ئاوارەی توتسی دەگەنە بەردە م یە کیک لە دیرە کانی شاری "سوڤو" لە رواندا. ئە وان لە دە ست ئە و میلیشیا چە کدارە هە لهاتوون کە هە ر ە شە ی مە رگیان لیدە کات. لە دوای خویانەوە ئەم هاوارە دەبیستریت:«مەرگ بو سیسارکە کەچەلەکان.» بەلام دەرگاکانی دیرە کە بە رویاندا دادە خریت. راهیبە کانیش ریيان پینادە ن بینە ژوور. یە کیک لە راهیبە کان لە ئاوارە کان دیتە پیش و دە لیت:

«من نامە وی ئە م شوینە گلاو بکە ن، من نامە وی خوینی توتسی لە دیرە کە دا ببینم.»

ئاوارە کان دە یانە وی لە خانوویە کی نزیک دیرە کە دا خویان حە شاربدە ن. سی هە زار کە سیان خویان دە پە ستیننە ئە و خانووە وە.

لە دوای شە ش روژ، سە ربازانی هوتو دە گە نە سە ریان و قە تل و عام دە ست پیدە کات. زوربە ی ئە وانە ی کە لە خانووی نزیکی دیرە کە دا خویان حە شاردابوو، دە کوژرین. چە ند ژمارە یە کی کە میان نە بیت کە دووبارە خویان لە گە راجی هە مان حەشارگەدا دەشارنەوە. بەلام خوشکە "کیزیتو" Kizito کە یەکیکە لە راهیبەکانی دیر؛ دیتە دەر و ئەو تەنەکە بەنزینەی کە بە دەستیەوە، دەداتە دەست یەکیک لە سەربازانی هوتو، تاکو ئەوانەیشی نەکوژراون، دەرفەتی دەرچوونیان نەبیت. ئەمرو، پینج سال دوای کارەساتی ئیوارەی ئەپریلی سالی ١٩٩٤، "کیزیتو"؛ راهیبەی دیری "سوڤو"؛ ژیانیکی گوشەگیرانە دەباتە سەر لە یەکیک لە دیرەکانی بەلجیکادا. ئەو هەتاکو ئیستاش، بەهوی تاوانە کانیە وە نە خراوە تە بە ر دادگا.

قە تل وعامی خە لکی لە رواندا، لە سە رە تای ئە پریلی ١٩٩٤دا دە ستی پیکرد و نزیکە ی ٣ مانگی خایاند. ژمارە ی قوربانیە کان خوی گە یاندە نزیکە ی ملیونیک ئینسان کە زوربە یان توتسی بوون. لە گە ل بە شیکی کە م لە و هوتوانە ی کە نەیاندەویست هاوکاری رژیم بکەن. پیلانی راونان و راوکردنی خەلک لە روانداد، بە پیی نە خشە یە کی لە پیشدا داریژراو ئە نجام درا کە لە لایە ن دە سە لاتدارانە وە نە خشە ی دروستی بو کیشرابوو.

هەر لە خودی دەولەتەوە بگرە، تاکو سەروکی شارەوانی شارەکان ئاگاداری ئەم پلانە بوون. لیستی ئە و ناوانە ی کە بریار بوو بکوژرین، لە پیشدا ئامادە کرابوو. قە مە و تە وراس بە سە ر خە لکانی هوتودا دابە شکرابوو. مالی ئە و کە سانە ی کە بریاربوو بکوژرین بە رەنگ دەستنیشان کرابوو. لەم دیوە بو ئەو دی، هیزی سە ربازی دە گە را و بە کومە کی مەفرەزە تایبەتیەکان و Interahamwe خە لکیان هاندە دا. هیزی دە سە لاتداری ناوچە یش بانگە وازیان بو خە لک دە کرد؛ بو ئە وە ی پە ناگایە ک بو خویان بە دە ست بینن، باشتر وایە روو بکە نە کلیساکان. تاکو لە دوایدا هیزە کانی Interahamwe بانگ بکە نە کلیساکانە وە بویان.

"گولیا"Golia کە گوڤاریکی کاثولیکی فە رە نسی یە، لە ماوە ی چە ند سالی رابووردودا، دە ور و نە خشی کە نیسە کانی رواندای لە جە رگە ی قە تل و عامی رواندادا خستوتە بە ر پشکنین و لیکولینە وە. ئەنجامی ئە و لیکولینە وانە ش لە

هەواڵنامەی کتێب

ئیستادا به شیوه ی کتیبیک چاپکراوه  به ناونیشانی: "شه ره فه له ده ست چووه که ی کلیسا" که له نووسینی "کریستیان تیراس" Christian Terras و ده ستگای چاپه مه نی گولیا بلاوی کردوته وه.
له "شەرەفە لە دەستچووەکەی کلیسادا" هاتووە کە چون چەندەها راهیب و راهیبە و قەشە و سەروک قەشەکانی کاثولیک هاوبە شی پروسە ی جینوسایدبوون لە رووانداداا.
خوشکه "کیزیتو" تەنها نموونەیەکی بچکولەیە. کاتیک "ئەثانسی سیرومبا"Athanse Seromba  دەبینی کلیساکه ی پر بووه له ئاواره ی هه لهاتوو، خیرا فرمان ده رده کات که هه موو بیناکه به سه ر ئاواره کاندا بروخینن. دوو هه زار ئینسان ده که ونه ژیر ئاسن و به ردی داروخینراوی بیناکه وه.
"ژان باپتیستی" Jean Baptiste Rutihunza راهیبیکه و له سالی ۱۹۹۴دا بەریوەبەری یانەیەکی پە ککە وتووە کانە. کاتیک میلیشیا چە کدارە کان دە گە نە نزیک یانە کە ی، "باپتیستی" دە رگای یانە کە ی بو سە ربازان دە خاتە سە ریشت. نووسە ری کتیبی "شە رە فە لە دە ست چووە کە ی کلیسا" ئاماژە بو زیاتر لە بیست رووداوی تر دە کات کە تیایدا قەشە و راهیبەکان، وە لە ناو ئەوانیشدا، مژدەدەریکی فەرەنسی و ئیتالی، زیاد یاخود کە م، چالاکانە کومە کی میلیشیاکانیان کردووە لە قە تل و عامی خە لکدا لە رواندا. زانیاریە کان زور بە وردی روون کراونە تە وە و لە زوربەی نموونەکاندا دەکری ئەو کەسانەی کە لە جەرگەی رووداوەکاندا بوون و هیشتاکە بە سە ر زیندوون، شایە تی بدەن.
لە راپورتیکی نە تە وە یە کگرتووە کاندا هاتووە کە تە نانە ت بە شیک لە گروپە کاثولیکەکانی رواندا پارە ی گواستنە وە ی چە ک و تە قە مە نی بو هیزە سە ربازیە کانی جە نگی رواندا گرتوتە ئە ستوی خوی. "پاپا" سە روکی ڤاتیکان لە سالی ۱۹۹۶دا  وتی:
«هە موو ئە و ئە ندامانە ی کلیساکە لە جە رگە ی قە تل و عامی خە لکدا گوناحیان  کردووە، دە بی ئە و ئازایە تییە  لە خویاندا نیشان بدە ن تاکو بە رگە ی ئاکامە کانی ئە و کارانە یان بگرن کە لە دژی خوا و خە لک ئەنجامیان داوە.»
بە لام راستیە کە ی ئە وە یە کە واقیع جوریکی تر خوی نیشان دە دات. چونکە کلیسا سوورە لە سە ر ئە وە ی کە تاوانبارانی قە تل و عامی خە لکی لە روانداداا نە کە ونە بە ر سزا و لییان نە پرسریتە وە.
ئەمرو بەشیکی زوری ئەو قەشانەی کە لە جینوسایدی خەلکیدا لە رواندا بەشداربوون، لە ڤاتیکان و دیرەکانی فە رە نسا و ئیتالیا و بە لجیکادا ژیان بە سە ر دە بە ن. تە نانە ت لە و حالە تانە یشدا کە دادگا و لیپرسینە وە ی قە شە کان دەستی پیکردووە، کلیسا زور بە توندی نارەزایەتی خوی دەربریوە. بەپیی نوسەری کتیبەکە، "کریستیان تیراس" لە مانگی سیپتە مبە ری ئە مسالدا سی تا چوار قە شە ی کاثولیک لە بە رانبە ر دادگای تاوانبارانی جە نگدا لە "ئاروشا" Arusha لە تانزانییادا لیکولینەوەیان بەرانبەر دەست پیدەکات. دیارە ئەویش بە تاوانی هاوبەشی کردنیان لە قە تل وعامی خە لکیدا لە رواندا. یە کیک لە و قە شانە "وینسیلاس مونیە شایکا"Wenceslas Munyeshyaka  کە هە ر لە ئیستادا بابە تی لیکولینە وە و لیپرسینە وە یە کی فراوانی دادگایە کی فە رە نسی یە. ئە و بە تاوانە کانی دە رهە ق بە مافی مروڤ، لاقە کردن، ئە شکە نجە دان لە بە رانبە ر دادگادا راگیراوە. بە پیی زانیارییەکان تا ئیستا بالاترین ئورگانی سە روک قە شە کانی فە رە نسا، زیاتر لە حە وت سە د هە زار کرونی سویدی داوە بە کریی محامیە کانیدا.

زور لە میژە رواندا وە ک یە کیک لە دینی ترین ولاتە مە سیحیە کانی ئە فریقا ناو دە بریت. بیگومان ئە مە یە کە م جار نییە کە کلیسا ئاوا رولیکی گومانلیکراوانە دەبینیت. زوریک لە شارەزایان سوورن لە سە ر ئە و رایە ی کە مژدە دە رە کاثولیکەکان بوون کە یەکەم جار لەگەل دەسەلاتی کولونیستانەی ئەلمانی و دواتریش بەلجیکی دا، بوونە هوی خولقاندن و بە هیزکردنی ناکوکیە کانی نیوان هوتو و توتسی. لە ژیر دە سە لاتداریتی کولونیالیدا، یارمە تی خە لکانی توتسی دەدرا بوئەوەی هوتوەکان بچەوسیننەوە. بەلام پاش ئەوەی هەندیک لە رابە رانی توتسییە کان داوای مافی

هەواڵنامەی کتێب

سه ربه خوییان له ده سه لاتدارانی کولونیالیستی کرد، ئیتر به لجیکیه کانیش پشتی خویان وه رگیرا و که وتنه کومه کی هوتوه کان له به رانبه ر توتسیه کاندا. دیاره به مه ش له ریگای کومه ک و هاریکاری کردنه وه بو هوتووه کان، ئه و نه خشه یان داریژا که پروسه ی سه ربه خویی ولات دوا بکه ویت و کاریگه ری ده سه لاتی خوشیان به سه ر رووانداداا دریژه پیبده ن.

له دوای سه ربه خویی رووانداپیشه وه له سالی ١٩٦٢دا، توتسیه کان ده که وتنه به ر راونانیکی سیستماتیک و هه میشه یی. کلیسایش دریژه ی به سیاسه تی پاسیفیستانه ی خوی ده دا و له گه لیک جاریشدا قه شه کان هاوبه شی قه تل و عامی توتسیه کانیان ده کرد.

که نیسه ی کاثولیک، به دریژایی سه ده ی بیست کاریگه ریه کی ئیجگار مه زن و بی وینه‌ی سیاسی و ئابووری هه بووه له سه ر رووواندا. یه که مین و گه وره ترین خاوه ن مولکی ولات کلیسایه. ئه گینا به شیوه یه‌کی گشتی، ئه زمه ی نه بوونی زه وی و زاری کشتوکالی کیشه ی هه مه روژه ی خه لکانی ئاساییه. هاوکاتیش بواره کانی ته ندروستی هه موو کاتیک له ژیر کونترولی کلیسادایه. ئه مه ش ته نها یه ک مانای هه یه: ئه ویش ئه وه یه که به ده سی هینانی هوکاره کانی منال نه بوون، زور به سه ختی ده کری په یدابکریت.

ئه وه ی شایه نی باسه، له دوای قه تل و عامی گه وره ی سالی ١٩٩٤وه، "پاپا" داوای له هه موو ئه و ژنانه کردکه ئیغتیساب کرابوون که مناله کانیان له بارنه به ن.

ئه وه ی پیویسته لیره دا ته ئکیدی له سه ر بکریت، ئه وه یه که ئه وه کاثولیکه کونسیرڤاتیڤه کانن که باشترین و به ربلاوترین په یوه ندییان به رژیمی رووانداوه هه یه. هه ردوو ریکخراوی "ئوپوس دییه" OPus Die و بزوتنه وه ی کاریزمی، نزیکترین په یوه ندییان به "پاپا یوهانس پاولسی دووه مه وه" هه یه. به شیک له هه وال و زانیاریه کان وا نیشان ده ده ن که سه روکی رووواندا به ر له جینوسایدی سالی ١٩٩٤په یوه ندیه کی به هیزی به هه ردوو گروپی ناوبراوه وه هه بووه.

په یوه ندیه کانی نیوان کلیسا و رژیم ده توانی روشنایی بخاته سه ر ئه و لایه نه ی که بوچی ژماره یه کی ئاوا زور له قه شه و راهیبه کان هاوبه شی جینوسایدی رووانداایان کرد. له روواندادا، کلیسا و ده وله ت له ناو یه کدا تواوبوونه وه. "لیئون ساور" Leon Saur که ئه ندامی پارتی دیموکراتی مه سیحی ڤالونه کانه له به لجیکا له "شه ره فه له ده ست چووه که ی کلیسا"دا ده لی:

«هه ندیک له کاثولیکه بلندپایه کان رووانداایان وه ک تاقیگایه ک سه رنج ده دا؛ یان وه کو هه ولدانیک بو دروستکردنی "مه له کوتی خودا" له سه ر زه وی، چونه سه روکی رووواندا باشترین "راعی ره عیه ته که یه تی".»

هه ر بویه ش هه ر هیزیکی به رهه لستکار و ئوپوزیسیونی رژیم، زور ئاسایی له خانه ی دوژمنی کلیسادا ده بینرایه وه و به کارهینانی هه ر وه سیله یه کیش بو سه رکوتکردنی به رهه لستکاران له خه باتیکی ئاوادا، بووه کاریکی ره وا.

❊❊❊

# کریکار

نووسینی ماکسیم گورکی
خدر عبدالله خدر کردوویه به کوردی

**هاوکارانی گوفاری هانا**

**سلاویکی هاورییانه ی گه رمتان لی بیت و له دووره وه ده سته کانتان به گه رمی ده گوشم.**

**دیاره کومه لگای سه رمایه داری له سه ر ئه ساسی ئه وه دامه زراوه که به شیکی هه ره زوری کومه ل له لایه ن به شیکی هه ره که می کومه ل به درنده ترین شیوه بچه وسینریته وه. یاسا و ئه خلاقیات و عادات و ته قالیده کانیش دیاره له سه ر ئه م ئه ساسه سه رچاوه ده گرن.**

**ئه ده ب و هونه ری پرولیته ریش به رامبه ر ئه ده ب و هونه ری بورژوازی که م و زور راوه ستاوه و به هوی ئه دیبه به ناوبانگه کانی سه ده ی بیسته م به تایبه تی گه یشته چله پوپه. مه کسیم گورکی یه کیکه له م نووسه ره هه لکه وتووانه ی سه ده ی بیسته م و پاله وانی چیروکه کانی به رهه می چینیکی شورشگیرن له ناو کومه لگادا.**

**ئه م چیروکه ی گورگی که لیره دا پیشکه شتان ده کری، چیروکیکی زور به هیزه. گورکی زور زیره کانه ده وری کریکارانی له ناو کومه لدا ده رخستووه که ئه وه ته نها ئه وانن هه موو شتیک دروست ده که ن و ته واوی ئینسانه کان پیی به هره مه ند ده بن. ماکسیم گورکی ئه م راستی یه ی که "کریکاران هه موو شتیک دروست ده که ن، وه ک سحرباز". له گه ل زه ینی منال گریی داوه و چیروکیکی واقعی هیناوه ته به رهه م. گورکی به شیوه یه کی هینده ئاسان و پاراو چیروکه که ی دارشتووه که هه ر کریکار و زه حمه تکیشیک ده ستبه جی تیی ده گات و له بیری ناکات. ئه مه ش ئه وپه ری لیهاتوویی نووسه ره که دیاری ده کات.**

**ئیتر ئه وه ئیوه و ئه وه ش چیروکی "کریکار"ی گورکی:**

**خدر عبدالله خدر**

به هوی مانگرتنی کارگه و کارخانه کان، ترس و دله راوکی، هه را و هوریا و گه ره لاوژی، ته واوی شاری داگرتبو. وه ک ئاگر چون به هوی (با)وه هه موو شوینیک داده گریت وابوو.

تیپه سواره کانی هیزی پولیس، له شه قامه کاندا ده هاتن و ده چوون، به هیزی ئاگر کوژینه ره وه کان ده چوون، که هه موو کات پاش سووتانی ته واوی شوینه که ئینجا ده گه نه سه ری!

هه نگاوه کانیان ده گواسته وه له گه ل ده نگی ئه و ده هولانه ی که له پیشیانه وه ریزبه ستیان کردبوو، که وه ک یه ک پیاو دیاربوون، نیزه کانیان ده دره وشانه وه که به سه ری چه که کانیانه وه به سترابوون و له هه وادا ده یانسووورانده وه...

لیره دا یه کیک له قوزاقه کان که رووت بوو، له شی جگه له موو به هیچ شتیکی تر دانه پوشرابوو و وه ک شیت ده هات و ده چوو، له نیوانیان ده رچوو. خه لکه که ش له ترسی پی یه گرانه کانی، بو هه موو لایه ک پالیان به یه کتره وه ده نا و له سه ر یه کتری کوده بوونه وه.

شار له سه ر باری په شیوی و هات و هاواری خوی مایه وه، رووی ده ره وه ی کوگاکانیش تیشکی جوراوجوریان په خش ده کرده وه. له سه ر شوسته کاندا ئاپورای خه لکه که به ترس و خیرایی به ناو شه قامه کاندا ده هاتن و ده چوون، خه لکه که ش له هه موو شتیک ده سله مینه وه. ئه گه ر پولیسیک به فیکه که ی فیکه یه کی لیدابا ، یان یه کیک له قوزاقه کان به شه قامه کاندا رای کردبا ، ترس و له رز له ناو دل و ده روونی خه لکه که بلاو ده بووه وه. هه ندی که س بو شوینی رووداوه که به ره و پیش ده چوون و هه ندیکی تریش بو ئه وه ی هیمن و ئارام بن، له شوینی رووداوه که دوور ده که وتنه وه به ره و کوگاکان و دوکانه کان ده رویشتن.

به لام ئه م خه لکه له چی ده سله مینه وه و له چی ده ترسان؟ که سیش له هو و سه رچاوه ی ئه م ترسه نه ده گه یشت، ریزی کومه لی کریکارانیش له سه رخو و به ژیرانه له سه ر شوسته کان ده هاتن و ده چوون؛ به چرپه له گه ل هاوریکانیان ده ئاخاوتن. زور به رق و ئیره یی یه وه ده یانروانی یه ئه و خه لکانه ی که به جل و به رگی گرانبه هاوه، ناوه ناوه ترسیان ده خسته سه ر شه قامه کان و به بیزلیبوونه وه ده یانروانی یه ئه و خه لکه نه خوش و ره نگ زه ردانه ی که جل و به رگی دراویان پوشیبوو، ده سته کانیان ئه ستوور و چلکن دیار بوون و، که جوانی شه قامه کانیان شیواندبوو.

له و روژه خوشانه ی پایزدا که جوان ئه فسون به خش بوون، تیشکیکی زیرین ده یدا له و عاره بانه ی که به بویه ی بریسکه دار بویه کرابوون، وه له کاتیکدا عاره بانانه کانی ترام به زه نگی زه نگوله کانیانه وه و ئوتومبیله کان به هورنی ئاگادارکردنیانه وه، وه پایسکلی هاتوچوکه ران شه قام و ریگاکانیان زور قه له بالغ کردبوون، پاله په ستوی ئه م خه لکانه به حاجی یه کان ده چوون که له چاوه روانی بیهوده ی جیهانیکی تر دابن. وه هه نگاوه کانیان له نیو ئه و خه لکانه دا ده نا که خوا پیداوبوون، ئه وانیش خویان له و کومه له نزیک نه ده کرده وه نه وه ک گروی بن یان بیزیان بیته وه. کاتی تیپه قوزاقه کان شالاویان بو هینان، که شاره زایی یه کی زوریان له راکردن و په لاماردان هه بوو ، کومه لی کریکاران بلاوه یان لیکرد. له و کاته دا هه ر به و سه گه هارانه ده چوون، که ریگه یان لی ون ده بیت. ئیتر ترس چووه ناو دلی هه موو که سیکه وه.

ــ دایه ئه مانه له کریکاره کانن؟

ــ ئا.. ئا.. به ریی خوتدا برو، به م لاو به ولادا نه روانی کوره که م.

ــ به لام بو به م شیوه یه راده که ن؟

ــ له ترس پیاوه کانی پولیس... به ریگه ی خوتدا برو قسه مه که!

ــ بو لی یان ناگه رین وه کو ئیمه له سه ره خو برون؟

ــ لییان ناگه رین وه کو ئیمه له سه ره خو برون.

ــ بو دایه؟

ــ ئو، تکایه پرسیاری زورم لی مه که. ده ستت بینه ته ماشای به رپیی خوت بکه ئه گینا به قامچی یه که ی...

"سیرجیوف" ده ستی خسته ناو ده ستی دایکی و قاچه کانی به دوای دایکیدا راده کیشا. دلی پربوو له ترس، له و خه لکانه ی که به توندی پالیان پیوه ده نری... ئه م ترسه چووه دلی ئه م منداله بچووکه ش. به سه رسامی یه وه ده یروانی یه هه موو شتیکی ده ور و به ری خوی و سه ری له م ئاپورایه سورمابوو.

ــ دایه ئه مانه شه رخوازن؟

ــ کی ، مه به ستت کییه ؟

ــ مه به ستم کریکاره کانن.

ــ نازانم، باشیان تیدایه و خراپیشیان تیدایه، ئه مانه مانیان له کار گرتووه، نایانه وی کار بکه ن.

ــ دایه، ئایا ئه مانه ته مبه لن؟

ــ ئا.. ئا.. خیراکه ئه گینا توش وه کو ئه وانه ده بیت!

ـ دایه ئه مانه که سانیکی زول و پیسن؟

له‌وکاته‌دا تووشی قوزاقه‌کان بوون، که زور به‌خیرایی به سواری ئه‌سپه‌کانیان ده‌رویشتن. سه‌روکه‌که‌یان فیکه یه کی زور توندی لیدا و قامچیه که ی وه ها له هه وادا راده وه شاند که ده نگی ده تگوت ده نگی تفه نگه. دایکی که گویی لی بوو دلی داخورپا و به خیرایی چووه لای یه کیک له و عاره بانچیانه که راوه ستابوون. کوره که ی سوار کرد و دوای ئه‌و خوشی سوار بوو، به‌بی‌ئه‌وه‌ی له نرخی کری‌یه‌که‌ی پرسیار بکات. پاشان له‌سه‌ر کورسیه‌ک دانیشت و فه رمانی به عاره بانچیه که دا:

ـ خیرا!

ـ به لام بو کوی خانمه که م؟

ـ بو ئه م لا، بو پیشه وه. ئه م کاته زور ناخوش و ته نگه، به خیرایی بسووریوه!

ـ مه ترسه گه وره م، ئه وان له ئیمه نزیک نابنه وه.

کاتیک که عاره بانچیه که وه رچه رخا بو شه قامیکی تر، ئارامی گه رایه وه دلی دایک و له گه ل عاره بانچیه که ده ستی کرده وه به قسه کردن:

ـ پیویسته بزانی که من له ٢٠ "کوپک" زیاترت نادمی.

ـ ئه م کری یه زور که مه گه وره م.

ـ که واته ئیمه داده به زین... رایگره، ده چین سواری ترام ده بین.

ـ ئاموژگاریت ده که م که له شوینی خوت دانیشیت، چونکه ترامه کانیش پاش که میکیتر له کار ده ویستن.

ـ کی ئه مه ی ووت؟

ـ من تازه پیشتر زانیم که کریکارانی ترامیش ئه مرو مان له کار ده گرن. کریکاران له م عاره بانه یه نزیک ده بونه وه، که دایک و کوره که به کری یان گرتبوو، دایکی کرییه کی باشی پیدا. له و کاته دا منداله که ته ماشای کریکاره کانی ده کرد و ترس شپرزه یه کی زور دایگرتبوو و خوی له دایکی زور نزیک ده کرده وه.

ـ تیناگه م بوچی ئه وهه موو گرنگی یه یان پی ده ده ن؟ ئه گه ر نایانه وی کار بکه ن لییان گه رین با شه قامه کان بپیون و کاتیک برسیان بوو ده گه رینه وه.

لیره دا عاره بانچی یه که گوتی:

ـ تو راست ده که ی، هه مووشت راسته گه وره م! چونکه برسیه تی زور گرانه له سه ر شانی ئینسانه کان.

پاشان روی خوی وه رگیراو یاری به تاله ریشه کانی خوی کرد. دیسان رووی وه رگیرایه وه و وتی:

ـ ده توانی چه ند ئاژه لیکی مالی، برسی بکه ی و چه ند مروڤیکیش برسی بکه ی، به لام ئازاردانی مروڤیکی بی تاوان لیخوشبوونی بو نیه. ئاخو کی ده توانی ئه م پالتو گرانبه هایه ی تو و ئه م جل وبه رگه دراوه بی نرخانه ی من دروست بکات؟

ـ غه می ئه وه ت نه بیت پیاو، مادام پاره ی ته واوت هه یه. ئه گه ریش کریکاران مانیان گرت، ئه وا ده توانین ئه وه ی پیویستمانه له ده ره وه ی ولات بیکرین.

ـ به لام چی ده که ی ئه گه ر شه مه نده فه ره کانیش له هاتوچو بوه ستن؟

ـ ئه مه قسه یه کی پر و پووچه، شه مه نده فه ره کان له کار ناوه ستن، کی به مه رازی ده بیت؟

ـ کی ده زانی؟ پروپاگه ندایه کی وا له ولاتدا هه یه، که شه مه نده فه ره کانیش له کار ده وه ستن.

"سیرجیوف"ی بچکوله زور به ئاگاداری‌یه‌وه گویی له وتوویژی نیوان دایکی و عاره‌بانچی یه که راگرتبوو. سه رسامی دایگرتبوو له و که سانه ی که پوشاکی ئه وانیان دابین ده کرد و له هه مان کاتیشدا له ترسی پولیس و قوزاقه کان رایان ده کرد. بو زستان دایکی پالتویه کی نویی بو کریبوو. له ناو پارچه کاغه زیکی لوول دابوو، له سه ر کوشی خوی دانا و

هەواڵنامەی کتێب

دلی بە لیدان کە وت، لە ترسی ئە وە ی نە کا یە کیک پالتوکە ی لی بسینیت.

ـ دایە ئایا ئە و کریکارانە ن کە پالتو نوی یە کە میان درووست کردووە؟

عارە بانچی یە کە لە پیش دایکیدا ولامی دایە وە:

ـ ئە مانە هە موو شتیک دروست دە کە ن، کورە بچکولە ی بە ریز. هیچ شتیک بە بی دە ستی ئە وان دروست نابیت!

بە م قسە یە دایکی کورە کە زور توورە بوو، کورە کە ی بە خوی کیش کرد و وتی:

ـ ووسبە! پیویستە قسە لە گە ل ئە و عارە بانچی یە نە کە ی.

بەلام عارەبانچی‌یەکە هەر بە شیوازی خوی لە فەلسەفە لیدان بەردەوام بوو. دایک زور ترسا و بیزار بوو. بە توورە یی یە وە هاواری کرد:

ـ ئە توش، ئە توش پیویستە بچیتە بە ندیخانە.

عارە بانچی یە کە بی دە نگ بوو و ولامی نە دایە وە. بە قامچی یە کە ی گری لە پشتی ئەسپە کە ی بە ردا و بە خیرایی بە کولانە کاندا بوی دە رچوو، تا گە یشتە بە ر دە رگای مالی ئافرە تە کە.

بە م شیوەیە "سیرجیوف" گەرایەوە مالەوە. گومانی لەو راستی‌یە هەبوو دەربارە ی ئە و کە سانە ی کە پییان دە وتن "کریکارە کان".

لە مال نە یدە توانی ئوقرە بگری، تا بانگی "سونیا"ی خوشکی کرد. بە گویدا چرپاند:

ـ ئە مرو هە ندی کریکارمان دیت... بە لی بە راستی دیتمان.

ـ بە چی دە چوون؟

ـ ئە مانە... ئە مانە... بە جووتیارە کان دە چوون.

لە و روژانە دا سیرجیوف کە دە گە رایە وە مالە وە، لە گە ل خوشکە کە ی باسی هیچ شتیکی تریان نە دە کرد، جگە لە و کریکارانە ی کە کارگە کانیان لە کار راگرتبوون، وە مانیان لە کار گرتبوو. لە گە ل خوشکە کە ی نە دە گە یشتنە ئە و بریارەی کە لەبیر خویان بەرنەوە، ئاخو ئەو کریکارانە خیرخوازن یان شەرخوازن! ئەو کاتانەی کە سیرجیوف و خوشکە کە ی لە مال بوون کریکاران شە رخواز بوون. بە لام ئە وکاتانە ی کە ئە هاتنە ناو باخە کە بو یاری کردن، کریکاران دە بوونە کە سانی خیرخواز! لە دواییدا سیرجیوف چووە لای دە رگە وانە کە بو ئە وە ی لە م بابە تەوە پرسیاری لی بکات:

ـ ئایا کریکاران دە توانن یە کیک لە کارگە کان لە کار راگرن؟

ـ بە لی دە توانن کورە بچکولە ی بە ریزم.

ـ چون دە توانن ئە م کارە بکە ن؟

ـ لی ناگە رین هە لمە کە بروات، یان کارگە کە بە جی دیلن.

ـ ئە ی کارگە بە بی ئە وان کار ناکات؟

ـ چون بە بی ئە وان کار دە کات؟

ـ واتە بە بی ئە وان من ناتوانم پالتویە کی نوی پە یدا بکە م؟

ـ نە خیر ناتوانی پە یدای بکە ی.

ـ چاکیتە بچکولە کە شم؟

ـ چاکیتە بچکولەکە و کراسەکەشت. ئەوسا ناچار دەبیت بە رووت و قووتی بیت، وە ک ئە وە ی کە تازە لە دایک بووبیت.

ـ رووت و قووت دە بم؟ تو چە ند گیلی! دایکم هە موو ئە و شتانە م لە دە رە وە ی ولات بو دە کری!

ـ پیویستە تو چاوەریی ئەم شتانە بیت تا دروست دەکریت. بەلام چ دەکەی ئەگەر مانگرتنی گشتی لە هیلی شە مە ندە فە ر روو بدات؟

ـ ئایا چاوه ڕانی ئه وه ده کری که هیلی شه مه نده فه ر له کار بوه ستینری؟ ئه ی باوکم چی د ه کا؟ چون ده توانی بو لامان بگریته وه؟

ـ ئو... له وانه یه به سواری داریک بگه ریته وه!

ـ به سیه ئه م چه نه بازی یه، ئه گینا به دایکم ده لیم سزات بدا.

سیرجیوف بیریکی قوولی کرده وه. له شوینی خوی وه ستا و سه یری پالتو نوی یه که ی خوی کرد و ڕوانی یه ده رگه وانه که و وتی:

ـ ئایا هه ر کریکاران ئه م پالتویه شیان دروست کردووه؟

ـ به لی هه موو شتیکیان دروست کردووه. دایکت هیچی نه کردووه، جگه له وه ی که توی هیناوه ته ئه م دنیایه.

❊ ❊ ❊

دوو ڕوژ دواتر ترامیش له کار وه ستا، ڕوژنامه کانیش ده رنه چوون، هه روه ها گه رماوه کانیش ده رگاکانیان داخست. گلوپی سه ر جاده کان کوژانه وه. شه مه نده فه ره کانیش له کار وه ستان و ترس و له رز هه موو ویزگه کانی شه مه نده فه ری گرته وه. به گشتی له و باوه ره دابوون، که ئیستا نا چه ند ساتیکی تر ته واوی ده زگاکانی گواستنه وه تووشی په ککه وتن ده بن.

ئومیده وار بوون ئه مرو باوکی سیرجیوف بگه ریته وه مال، به لام نه هاته وه. دایکی زیاتر شپرزه بوو. له ماله وه به تووره یی قسه ی له گه ل هه موو که سیک ده کرد. بواری سیرجیوف ی نه ده دا بچیته ناو هوله که، ده بوایه چه ند کاتژمیریکی دریژخایه ن له یه کی له په نجه ره کاندا بروانی. پربه دل تامه زروی چوونه خواره وه ی هه بوو، بو ئه وه ی بزانی له شه قامه کاندا چی ڕوو ده دات.

ـ دایه هه ر ئیستا باوکم بومال ده گه ریته وه؟

ـ ناتوانیت بگه ریته وه!

دوایی نه فره تی له باوکی سیرجیوف و کریکاران و مانگرتنه که کرد. دووباره منداله که زیاتر پیی له سه ر پرسیاره کانی خوی داگرت.

ـ دایه به ڕاستی ده توانن ئه و کاره بکه ن؟

ـ چی ده توانن؟

ـ ده توانن هیلی شه مه نده فه ر له کار بخه ن؟

ـ دیاره ده توانن ئه م کاره بکه ن! به مه بیزارم مه که.

دلوپیک فرمیسک له چاوه کانی قه تیس ما. له ده روونه وه زور بیزار و تووره بوو. به لام سیرجیوف ڕوی بو په نجه ره که وه رسوراند و زور به ترس و گرنگی یه وه یه کبین سه یری شه قامه کانی ده کرد. به چرپه له گه ل خوی دوا: «ئه گه ر له ده ستم بیت هه موویان ده کوژم». تا ئیواره دانه هات ده رگا و دوکانه کان دانه خران و شه قامه کان چول نه بوون. پولیس و تیپی قوزاقه کان به شه قامه کاندا ده سوورانه وه، ته نها له و شوینانه ی که ئاگریان تیبه ر دابوون ڕاوه ستابوون.

به لام سیرجیوف خه وی لی زڕا بوو. جیگه که ی به جی ده هیشت و ده چووه به ر په نجه ره که و ته ماشای ئه و شوینانه ی شه قامه کانی ده کرد که ڕووداوی لی قه ومابوو. گری ئاگر به ره و ئاسمان به رز ده بووه وه. تارمایی خه لکه که که له ده وری ئاگره زوره که ده سوورانه وه، به و درندانه ده چوون که له ده وری نیچیره که یان ده سوورینه وه. سیرجیوف ته ماشای ئه م دیمه نه ی ده کرد و موچرک به له شی داده هات.

له سه ر جیگه که ی، خوی گرموله کرد. خه یالی بو ئه وه چوو که ئه م تارماییانه درنده ی برسین و ئیستاکه نیچر ڕاوده که ن و به ئاگره که ده یبرژینن و پاشان شیتانه ده که ونه سه ری و ده یخون. سیرجیوف چووه سه ر جیگه گه رم و نه رمه که ی و هاواری کرد:

هەواڵنامەی کتێب

ـ دایه! دایه! من ده ترسم، هه ست به سه رمایه کی زور ده که م.

ـ بو .. بو ناخه وی؟ ئیستا له سه ر جیگه که ی خوت بو هه ستاوی؟

ـ دایه ئاگره کان هه روا زور ده بن، ئه م خه لکه ش له به ر په نجه ره که مان زور ترسناک دیارن.

ـ برووه سه ر جیگاکه ی خوت، له هیچ شتیک مه ترسه!

ـ دایه!!

ـ چی یه کوری ئازیزم؟

ـ ده مه وی بیمه  لای تو، من ده ترسم!

ـ له چی ده ترسی کوری خوشه ویستم؟

ـ له سحرباز.

ـ کام سحرباز؟

ـ من شیوه ی جوراوجور ده بینم.

ـ مادام دیی بو لام، وه ره!

سیرجیوف به رووگه شی بازیکی له سه ر جیگه که ی خویدا و چووه سه ر سیسه  مه که ی دایکی ... ده ستی دایه ده ستی دایکی و له ژیر پیخه فه که خوی مت کرد، رانه وه ستا و به چرپه ووتی:

ـ ئه مانه ده توانن هه موو شتیک دروست بکه ن.

سه رله نوی دایکی خه وی لیکه وته وه. له م کاته دا کوره سه ری له ژیر پیخه فه که ده رهینا و ته ماشای دیواره کانی کرد... شتیکی سووری بینی، که ره نگدانه وه ی ئاگری شه قامه که بوو. دیسان ترسی لی نیشته وه. پیخه فه که ی به  ده م وچاوی خویدا دا. دیسان بیری له و سحربازانه ده کرده وه، که ناویان کریکاره.

سیرجیوف ئه م به یانی یه له سه ر میزی نانخواردن دانیشت بو ئه وه ی نانی به یانی بخوات. به لام ئه مجاره وه ک هه موو روژه کیکی گه رمی نه بینی. له جیاتی ئه مه نانیکی سارد و وشکی بینی که ئینسان بوی نه ده خورا. هاواری له سه ر دایکی کرد: ـ هیندیک کیکم بو بینه! بو چی ئه م نانه ره قه م بو دینن؟

زور تووره دیاربوو که بینی دایکی به راست سه به ته یه ک نانی ره قی بو داناوه. به ئیهانه ی زانی.

ـ سوپاسی خوا بکه سیرجیوفی به ریز بو ئه و نانه ی ئیستا!

ـ چی!؟... پیویسته هه ندیک کیکم بو بینی؟... دایه بو ئه مروکه کیکم بو ناهینی؟

ـ ئیستا له کویت بو بینم سیرجیوفی ئازیزم. هه ر هه موو نانه واخانه کان ده رگاکانیان داخستووه!

ـ بو؟

ـ چونکه هه موو کریکاره کان مانیان له کار گرتووه!

ـ دیسان کریکاره کان؟

سه ری خوی نزم کرد و گویی خوی خوراند و گوتی:

ـ چی بکه م به بی کیک؟

ـ پیویسته ریگا چاره یه ک بدوزینه وه. ئایا پاریزگاریش ناتوانی به زور کیکیان پی دروست بکات؟

ـ نه خیر سیرجیوفی ئازیزم، چونکه لیی ناترسن!

ـ گوی به پاریزگاریش نادن؟

ـ ئه مانه گوی به هیچ که س ناده ن!

ـ دیاره ئه مانه هیزیکی زورن؟

ـ هه موو شتیکیان به ده سته. پیویسته ئیستا ئه م نانه وشکه بخویت، ئه گینا پاش که میکی تر نایبینیه وه!

ـ ناتوانم ئه م نانه بوره بخوم!

ـ ده زانم به لام به یانی پیت خوش ده بیت!

ـ بوچی؟

سیرجیوف ملی بو نا. نه‌یده‌زانی ئه‌م پوله چ جوره ئینسانیکن، که نه له پاریزگار و نه له هیچ ئینسانیکی تریش ناترسن، به لام له گه ل ئه مانه شدا له به رامبه ر پولیس و تیپی قوزاقه کان راد ه که ن. له گه ل خویدا بیری ده کرده وه: «چاره چیه؟ کارگه کان له کار ئه وستینن، وه هه روه ها ترام و شه مه نده فه ره کان و روژنامه کانیش راده گرن، وه  له گه ل هه موو ئه مانه شدا ناتوانیت هیچ شتیکیان به رامبه ر بکه یت!» ئه و چیروکانه ی به‌بیر ده هاته وه که ده رباره ی سحر و سحربازه‌کان گویی لی‌ببوو. چی وتراوه ده‌رباره‌ی ئه‌و پوشاکه سحراویانه، هه رکه له به‌ریان ده‌که‌ن گوایه نابینرین له به ر چاوی خه لکیدا و ناتوانن ده ستگیریان بکه ن. هه رکاتیکیش پاریزگار، فرمانیان پیبدات کار بکه ن دیاره پوشاکه سحراوی یه که یان له به ر ده که ن و له به ر چاو ون ده بن!!

په شیوی له شه قامه کاندا چووه ناو ماله کانیش. ترس که وته دلی ئه و خه لکانه ی که پیشتر هیمن و ئاسووده بوون. هه موو تاکی خیزانه کان ناچار بوون خوو و ره وشتیان بگورن و ئاره زوه کانیشیان که متر بکه نه وه. لیره_خوشی و شیرنی ژیان له ته واوی شاردا بزر بوو، خه لکیش ئه و چیژه ی ژیانیان نه ما. له دوایدا ترس و دله راوکی که وته نیو ئه و کوشکه به رزانه ی وه ک مالی سیرجیوف و ته واوی ده وله مه نده کان که تیایدا ده ژیان. ده رگه وانه کان له گه ل پاسه وانه کان و ئه و ئیشکگرانه ی که صافیره یان لیده دان گفتوگویان ده کرد.

له م سه ر و به نده دا کاره بای مالی سیرجیوف پچرا. هاواری دایکی کرد و وتی:

ـ دایه وابزانم خه له لیک له کاره باکه دا هه یه؟

ـ ژووری میوان رووناک که ره وه.

ـ ئیره ش کاره بای تیدانیه؟

له کوتاییدا کاره‌که‌ره‌که به دایک‌ی راگه‌یاند که مانگرتنی گشتی‌یه و پیویسته مومه‌کان بو رووناکی داگیرسینین. به م جوره تاریکی به ته واوی ماله که ی پیچایه وه. هیچ شتیک دیار نه بوو جگه  له که مه رووناکی یه کی مومه کان نه بی که ئه وانیش زور به کزی و پرته پرت داگیرسابوون، که سیبه ره کانیان به سه‌ر کورسی و پیانو و له سه ر په رده کان به شیوه ی لاشه ی مردوو ده بینران. زور به قولی بیری کرده وه!

له و کاته دا که سیرجیوف و دایکی له باره ی پچرانی کاره باوه قسه یان ده کرد خزمه تکاره که خه‌به ری ناخوشی هینا که گوایه «ئاویش له بوری یه کاندا ده بری!» وه هه روه ها ئاهه نگی جه نازه کان راده وه ستی، وه به یانی گوشت له بازار که م ده بیت، وه ئه گه ر بو ماوه ی هه فته یه ک شار به م شیوه یه بروات زیانیکی زوری پید ه‌گه‌یه‌نیت.

سیرجیوف به بیستنی ئه‌م هه‌واله ناخوشانه زور بیتاقه‌ت ده‌بوو. که ده‌یبینی ته‌نها کریکاره که ده وریکی گرنگی هه یه، له میشکی خویدا گوتی که کریکار له سحرباز زیاتر هیچ شتیکی تر نیه؛ سحربازیش توانایه کی سه یری هه یه و ده توانیت هه موو شتیک بکات؛ ئه گه ر بیه ویت شه مه نده فه ره کان ده ست به رویشتن ده که نه وه و باوکی بو ماله‌وه ده‌گه‌ریته‌وه و کاره‌باکه‌ش چاک ده‌بیته‌وه و وه‌کو پیشتر ژووره‌کان رووناک ده‌کاته‌وه. بینی کاتیک که کریکاران کار ده که ن، کیکی گه رمیان زور ده بوو، به لام که کریکاران کاریان نه ده‌کرد، نه بوری یه کان ئاویان تیدا ده‌بوو، نه چای گرم و حه‌مامیش هه‌بوو. که‌وایه ئه‌م کریکارانه نه گوی به‌که‌س ده‌ده‌ن و نه له‌هیچ میریکیش ده ترسن. ئه مه چ سحربازیکی گه وره یه!!

سیرجیوف ته واو باوه ری به م کارانه هه بوو. بویه دوو هه فته ی نه برد که ئه م کاره سه رسورهینه رانه هه مووی له روژیکدا چاک بوونه‌وه. ترامه‌کان ده‌ستیان به رویشتن کرده‌وه، شه‌قامه‌کان به کاره با رووناک بوونه وه، روژنامه کان ده‌ستیان به ده‌رچوون کرده‌وه و باوکیش گه‌رایه‌وه ماله‌وه. له‌گه‌ل باوکی سواری یه کیک له عاره بانه کان بوو. به ناو

شه قامه گشتی یه کاندا ده رویشتن، وه ئه م سحربازانه ی "کریکاریان" بینی که کومه ل کومه ل کوده بوونه وه و به روویه کی گه ش ئالاکانیان هه لده گرت و سروود و گورانی خوشیان ده گوت، به بی ئه وه ی هیچ پولیسیک به ربه رچیان بداته وه، یان قوزاقه کان بیان ترسینن!

سیرجیوف زور حه زی ده کرد به ته نیا بچیته ده ره وه، تا ئه م سحربازانه ببینیت. به دایکی وت:

ــ دایه، سحربازه کان له شه قامه کاندا ئه خولینه وه، لیم ده گه ریی بچم ته ماشایان بکه م؟

ــ تو ناتوانی ئه م کاره بکه ی.

ــ ئیستا ئه مانه زور باشن. خراپ نین، وانیه دایه؟

چه ند مانگیک تیپه رین و کاره کان زور باش بوون. خوشی و شادی گه رایه وه ماله وه بو ئه م به هه شته خوشه ی پیشان. روژیک دایک و باوکی چوونه یه کیک له یانه کان، دایه نه که ش بو هه ندیک پیویستی چووبووه ده ره وه، سونیاش له گه ل بووکه شووشه کانی یاری ده کرد. داپیره شی له سه ر جیگاکه ی خوی پال که وتبوو. سیرجیوف هه ندیک هه ستی به دلته نگی کرد، هیچ شتیک نه بوو که خوی پیوه خه ریک بکات.

ــ چ کاریک بکه م داپیره؟

ــ وه ره قاچه کانم بشیله تا ئازارم که م بیته وه!

ــ حه ز به م کاره  ناکه م چونکه زور گران و ناخوشه لام.

داپیری به جی هیشت و چووه لای سونیای خوشکی. یه کیک له بووکه شووشه کانی بینی و رفاندی؛ قولیکی شکاند و پاشان رایکرده خواردنگا، بو ئه وه ی چیشتلینه ره نوییه که ببینی. به لام چیشتلینه ره که نه یهیشت بچیته ناو خواردنگاکه. سیرجیوف پیی وت:

ــ ئه ی چ بکه م که من به ته نیا بم؟

ــ له خواردنگا هیچ شتیکی لی نیه، تا یاری پی بکه ی!

ــ به لام ئه ی ئه مه کی یه له وی قسه ده کات؟

ــ ئه مه میردی چیشت لینه ره که یه!

ــ ئینسانیکی سیلداره.

ــ بو؟ ئه م له ئینسانیکی ئاسایی واتر نیه، ئه م ته نها کریکاره.

ــ ئایا میردی چیشت لینه ره که کریکاره؟!

ــ به لی.

ــ ئه مه سحربازه پیویسته بچمه ژووره وه!

ــ نه خیر! ئه گه ر تو ئه م کاره  بکه یت دایه نه که ت گومانی لیده کات و دایکت ئاگادار ده کاته وه!

ــ تو دروزنی. دایکم ئاگادار ده که مه وه که په نیره که ت خواردووه!

ــ تو دروزنی من په نیره که م نه خواردووه، ته نها میش و مه گه زم له سه ر ده رکردووه. سیرجیوف له گه ل چیشت لینه ره که به شه ر هات، به لام سه ره رای ئه وه ش نه یتوانی بچیته خواردنگاکه و به ناچاری له پیش د ه رگاکه راوه ستا و دوودل بوو. خزمه تکاره که هات و ده رگاکه ی بو کرده وه. به خیرایی ته ماشای ناو خواردنگاکه ی کرد. ته نها گویی له ده نگی سحربازکه  بوو، به لام نه ی بینی، ئاره زوویه کی زوری هه بوو بو دیتنی. له کوتاییدا پیی له سه ر چوونه ژووره وه داگرت. کاره که ره که لیی دوورکه وته وه  و وتی «سوپاس بو تو خوایه ».

سیرجیوف له ده رگاکه نزیک که وته وه. له که لینه که وه که م که مه به ده سکی گه سکه کاره باکه ده رگاکه ی کرده وه، به لام نه یتوانی به یه کجار ته ماشای ناو خواردنگاکه بکات. چرکه یه ک وه ستا و سه ری دریژ کرد. هه ناسه ی سواربوو. له کوتاییدا هه رچی ئازایی هه بوو کوی کرده وه و چاوه کانی هه لینا، بو ئه وه ی ئه و پیاوه ببینی که کراسیکی کونی

هەواڵنامەی کتێب

لەبەر دابوو، وە سینی یەکی بچووکی لەبەر دەم دابوو. خواردنیکی گەرمی دەخوارد کە هەلمی لی هەلدەستا وە بە ترس و لە رزە وە تە ماشای دە ور و بە ری خوی دە کرد. نانە کە ی لە نیوان هە ر دوو د ە ستی دابوو، وای هە ست دە کرد ئە گە ر یە کیک بیبینی لە دە ستی دە فرینی.

منالەکە چاوی بە دەور و بەری خویدا گیرا و وتی "کوا سحربازەکە؟" جگە لە کارە کە رە کە و ئە م پیاوە، کە سیکی تری لینە بوو!

ـ ئایا ئە وە پیاوە سحربازە کە یە کە هە ر دە ترسی و دە لە رزی؟

ئارە زووی ئە وە بوو زیاتر رووی ئە م پیاوە ببینی، بویە زیاتر چووە ناو خواردنگاکە. پیاوە کە خیرا بازیکی لە شوینی خوی هە لدا و کە وچکە کە ی لە دە ست کە وتە خوارە وە. لیرە دا کارە کە رە کە لە گە لی دوا و ووتی:

ـ هیچ شتیک لیرە نیە، لە خواردنە کە ت بە ردە وام بە، ئە م کورە بچکولە بە ریزە هیچ شتیکت لی نادرکینی.

سیرجیوف بە سە رسورمانە وە وە لامی دایە وە:

ـ شتی چی؟

ـ دایک و باوکت ئاگادار مە کە رە وە لە بارە ی ئە م پیاوە. چونکە پاش ماوە ی خواردنە کە بووا!

ـ باشە.

ـ لە بە ر ئە وە ی برسی یە تی پیویستە بە زە ییت پیدابیت، کورە بچکولە ی بە ریز.

ـ ئە مە کی یە؟

ـ ئە م پیاوە میردە کە مە!

ـ میردی تویە؟

سیرجیوف بە جوریک لە توورە یی و رک لیبوونە وە سە یری پیاوە کە ی کرد کە راست وە ستابوو و زور ئە ترسا. وای دە زانی کە سحربازیکی راستی یە و ئە م جل و بە رگە شرە ی لە بە ر کردووە. قسە ی لە گە ل کرد و وتی:

ـ ئە مە توی؟ تو سحربازی دە تناسم!

ـ کی دە ناسی؟

ـ تو دە ناسم!

ـ من کریکاریکم کورە بچکولە ی بە ریز، بە لام هیچ کاریکم دە ست ناکە وی!

ـ بە لام تو سحربازی، دە تناسم باشت دە ناسم! تو دە توانی هە موو شتیک بکە ی. تو ئە م مانگرتنە ت ئە نجامدا، بە لام ئاگادارت دە کە م کە جاریکی تر دووبارە ی نە کە یتە وە. رووناکی موم هیچ رووناک نیە و جاریکی تر کیکم بە بی چایی پی ناخوری.

ـ من هیچ شتیکم نە کردووە کورە بچکولە ی بە ریز. هە ر ئیستا ئە م شوینە بە جی دە هیلم.

ـ ئە وە ی من بزانم تو ئە وە ندە ترسە نوک نیت، وامدە زانی تو لاشە یە کی مە زنی و بالایە کی بە رزت هە یە. پیم بلی ئە ی بو سحر بو خوت ناکە ی؟!

ـ گالتە م پیدە کە ی! من خو لە تە نانیکیشم پی پە یدا نابیت. ئای کە ئە مە جیی داخە بە ریزم!

ـ من وامدە زانی تو زور لە وە گە ورە تری؛ وامدە زانی زور کامە رانی؛ بە لام ئیستا کە دە تبینم نان دە خوی و لە ترسان هە لدە لە رزی ئیتر لیت ناترسم!

سیرجیوف بو لای رارەوی گشتی مالەوەیان رویشت. کەمیک وەستا تا خوی ئامادە بکات بو راکردن نەوەک سحربازەکە بیەویت وەدوای بکەویت، بەلام هیچ شتیکیوا رووی نەدا. تەنها پیاویکی بینی کە بە رویشتنەوە لە تە نیشت لادیوارە کە وە بە کول دە گریا و بە مە چە کی چاوە کانی دە سری. سیرجیوف هاواری کرد:

ـ ئە وە سحربازە کە یە دە گری!؟ ئە مە سزایە کی رە وایە. بو نە تهیشت باوکم بولام بیتە وە؟ بو کارە باکە ت لە ئیمە پچری؟

هەوالنامەی کتێب

بو له کیکی گه رم بی به شت کردین؟...

پاشان سیرجیوف هاواریکی کرد، هاواریک که له هه موو لایه کی ماله وه ده نگی دایه وه. ده یووت «مژده، مژده». وه ک سواریکی چالاکی سه رکه وتوو به خیرایی چووه لای دایه نه که ی و پیی وت:

ـ له مرو به دواوه چیتر لیی ناترسم!

* ئه م چیروکه له کتیبی "حب والقصص الاخری" ـ ته رجه مه ی سلیم طه ـ له زمانی عه ره بی یه وه وه رگیردراوه ته سه ر زمانی کوردی.

**فه رهه نگوک:**

ـ سیسمه : ته ختی خه و

ـ بوری: شیری ئاو

ـ یانه : باشگاه

ـ صافیره: شه یپوور

***

هەواڵنامەی کتێب

# هیستریای پەرلەمانی کویتی لە بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسسی ولاتدا!

سەردار عبدالله

پە رلە مانی کویتی  لە کوتایی مانگی نوفە مبە ری ۱۹۹۹دا ئە و پیشنیارە ی رە تکردە وە کە ئە میری کویت دابووی بە پە رلە مان سە بارە ت بە مافی بە شداری ژنان لە ژیانی سیاسی ولاتدا.

پە رلە مانی کویتی ئە م بریارە ی بە دە لیلی ئە وە رە ت کردوتە وە کە گوایە، بە شداری ژنان و دە خالە ت کردنیان لە ژیانی سیاسی و کار و باری دەولەتدا ناتەبایە لە گەل یاساکانی ئایینی ئیسلامدا، هە ر لە بە ر ئە م هویە شە کە گروپی ئیسلامیە کانی نیو پە رلە مان و باقی ئە وانی تر کە لە هە مان چوارچیوە ی ئە قلیە تی ئیسلامیەکاندا خول دە خون بە یە ک دە نگ لە دژی ژنان هە لویست دە گرن .

پیشنیاریکی لە م چە شنە و هە ژاندنی بابە تیکی لە م جورە لە ولاتیکی وە ک کویت دا بی هوی تایبە تی خوی نیە، وە ک دەلین ئەم ماستە بی موو نیە! ولاتیکی موحافەزەکاری وەک کویت هەمیشە ویستوویە تی خوی بە دووربگریت و نەکەویتە ژیر کاریگەری ئەو ئالوگورانەی کە لە جیهاندا پیک دیـــن، کە ئەمەش مەحالــە. چ هەولی شیخە  دە ستە لاتدارە کان و چ هە ولی ئە و ولاتانە ی کە  بە رژە وە ندیە ئابووری و سیاسیە کانیان گریی خواردووە بە ولاتانی لە چە شنی کویت ئە وە بووە کە ئە م شیخ نشینانە لە چوارچیوە ی دە ستە لاتی شیخ نشینی، مە زهە بی و قە بە لی نە یە تە دە ری .

بە لام پاش جە نگی کە نداوی دووە م ئە و پایانە ی کە سیاسە تی ولاتی لە سە ر بە ند بوو شلوقی تیکە وت و قە یرانیکی گەورەی سیاسی، ئابووری و کومەلایەتی بەدوای خویدا هینا. پاش گەرانەوەی شیخی کش لیکراو بو سە ر کورسی دە ستە لات لە  لایە ن ئە مریکاو ناتووە، ئیتر نە دە کرا بە و ئاسانی و ئارامیە ی جاران بی هیچ ترس وگومانیک ئە میری تازە  گە راوە کە متمانە ی لای خە لکی ولات چوتە خواری حوکمی ولات بکات .

مانگرتن و راپە رینی مە زنی کریکارانی موهاجیر کە بنچینە ی هیزی کارە لە م ولاتە دا، بە جوریک بوو کە  دە ستە لاتی شیخ نشینی هینایە لە رزە، کە پاشان بە تومە تی ئاژاوە گیری،  پولیس سە رکوتی کرد .

بازرگانی سیکسی بە ژنانی ولاتانی وەک فلیپین لە کویتدا ئەوەندەی تر سەرو سیمای ئە و شیخ نشینە ی قیزە ونتر کردووە. ژنانیک کە بە مەبەستی کارکردن دینە ئەو ولاتە، مامەلەی کویلە و کەنیزەکیان لەتەکدا دەکریت و دە ستدریژی جنسیان بو دە کریت، بە تایبە ت ئە و کچ و ژنانە ی کە کاری نیومال دە کە ن دە بیت هە موو هە لومە رجیکی سە ختی کارکردن و دە ستدریژی خاوە ن مالە کانیش قبول بکە ن، لە بە رامبە ر ئە مە شدا هیچ یاسایە ک نیە کە ریگە بە و بە ربە رییە تە  بگریت .

ئە وە ئاشکرایە کە بزووتنە وە ی یە کسانیخوازی لە جیهاندا بە گوریکی پتە وتر هاتوتە مە یدان و رول و نە خشی تایبە تی خوی گیراوە؛ توانیویە تی بە شیک لە مافە مە دە نی و ئینسانیە کانی خوی بە دە ست  بهینیت. ئە م بزووتنە وە یە کسانیخوازە سەرەرای ئەو زولم و ستەمە بی‌سنورەی پیاوسالاری و مەزهەبی لە وولاتە ئیسلامیەکاندا توانیویە تی بوونی خوی بسەلمینیت و رابەرانی وەک نوال السعداوی، تەسلیمە نەسرین و ناسک ئەحمەد بینیتە مەیدان کە زەینی هەموو کومە لگە یان بە لای خویاندا کیش  کردووە !

جا دروست  کردنی سیناریویە کی لە و چە شنە لە لایە ن ئە میریکە وە کە هە میشە ئیلهامی لە یاساکانی شریعە وە رگرتووە کە ژنان تیایدا جیگە  و  ریگە یە کی لە  خوارتر لە پیاوانیان هە یە، دە یە ویت بە وە نیازپاکی و عە دالە ت خوازی خوی نیشان بدات. هەروها ئەوە دەربخات کە ئەو نابەرابەریەی دەرهەق ژنان دەکریت ئەو پیی خوش نیە، بویە پیشنیار بو

په رله مان به رز  ده كاته وه. پاشان ئه میریش ماهیه تی په رله مانه كه ی خوی باش ده ناسی كه بریاری له و چه شنه هه رگیز ناچیته ئه قلیه وه ، واته خول كردنه چاوی خه لكی و شان  خالی كردنه وه له به رامبه ر مه سه له ی ژنان له ولاتدا.

به لی ... لیره دا پرسیاریک دیته ئاراوه، كه ئایا په رله مانیكی له و چه شنه ده توانی نوینه رایه تی ده سه لاتی هه موو دانیشتوانی ولاتیک بیت كه دژی نیوه ی به شه كه ی تری كومه لگاكه بیت كه ژنانن؟ هه لبه ت په رله مانیكی له و جوره ناتوانیت له شورایه كی ده ورانی خه لافه تی ئیسلامی به ولاوه شتیكی تر بیت!

جا خوش باوه ری ژنان به  په رله مان ناتوانیت له  ئاسوی  داواكاری و مافه ئینسانی و مه ده نیه كانیان نزیک بكاته وه، به لكو خو ریكخستن و پشت به ستن به ئیراده ی شورشگیرانه ی خویان و هیز و ئینسانه پیشكه وتوو خوازه كانی ناوه و ده ره وه ی ولات ده توانی زامنی به ده ستهینانی مافه خوراوه كانیان بیت.

***

هەواڵنامەی کتێب

# (نەء)ەکانی کەژاڵ ئەحمەد

رانانی:

عبدالله سلیمان (مەشخەل)

ناوی کتیب: دەربەندی بەرمودا

لاپەرە: ١٦٨

نووسەر: کەژاڵ ئەحمەد

چاپی دووەم: ١٩٩٩

بابەت: شیعر

ره هه نده  یه ک له دوای یه که کانی کومه لگه په ی ئه کات و پیوانه شورشگیرانه که ی له و (نه ء) انه وه سه رهه لده دا که واقیعیه ته حالی حازره که ی کومه لگای کورده واری ره فز ده کاته وه و به سوراخی ژیان و به هایه کی باشتره، به هایه ک که شاعیر خودی خوی تیدا ببینیته‌وه و ئوخه‌ی بکات. ئه م یاخی‌بوونه دریژه ده‌کیشی که تا ته واوی به ده نه ی دیوانه شیعری یه که ی ده گریته وه، که به شیکی به رچاویان وه رگیردراونه ته سه ر زمانی عه ره بی و هه روه ها زوربه ی شیعره کان له گوڤار و روژنامه کاندا بلاوبوونه ته وه، که یه که مین به رهه می چاپکراوی "که ژال ئه حمه د"ی شاعیره که چاپی دووه می له ١٩٩٩ بلاو بوته وه.

که ژال ئه حمه د له گه شتی "ده ربه ندی به رمودا" ده نگی سه رکیشی ئه و یاسایانه یه که تا ئیستا که م توخمی میینه به و شیوه یه  ده ستی شیعری بو بردووه. که ژال شمشیری (نه ء)کانی له سه ر ملی هه موو ئه‌و نایه کسانیانه دائه نی که می ده کاته ئه سیری نیر و هه موو ئه و به ربه ست و ئاسته نگانه وه لاده نی که ده یانه وی که ژالی مروڤ زیندانی بکه ن و له پیستی مروڤایه تی دامالن. ئه م هاواره، ئه م هه لشاخانه به رووی ته واوی داب و نه ریته پیاوسالاری یه که ی کومه ل و ئه خلاقیاتی رزیوی بورژوازی یه که له سه ر به ها مروفایه تی یه کانی "ژن"ه وه روژانه هەراج خانه ی کویله تی ژن دائه نین.

ئه م یاخی بوونه سه رده کیشیته نیوان که له به ری په یوه ندی یه کانی نیوان خیزان و کومه ل:

وه ک گه ش بینی؛ ئه گه ر هاتی

ده شی بلیم: چیت لیم ئه وی؟!

ئه وه تانی کابرایه کی روژهه لاتی

له سه ر کورسی حه یا و ئابرووم دانیشتووه

قاچی خستوته سه ر قاچی

له پی یه کدا سه د جار ئه لی به شه ره فم

ئای له شه ره فی رزیوی کابرایه کی روژهه لاتی... (ل ١٨)

داچورانی ئه م  به گژاچوونه وه یه بو نیو ته واوی کون و که له به ری ژیانی کومه لایه تی و که سایه تی خودی شاعیر، خوی زه مینه  خوشکردنی هه نگاوه داهاتووه کانی شاعیره بو وه لامدانه وه  به کیشه مه وزووعی یه‌کان، ئه و کیشانه ی که ژال و هه‌زاران که‌ژالیان کردوته قوربانی. به بروای من بویرترین و گونجاوترین وه لامی شورشگیرانه ده رحه ق به واقیعیه تی مه وجود هه ر ئه و (نه ء) انه یه که شاعیر ده یکاته سه نگه ری خوی و هاوچاره نووسانی.

ئاليره وه؛ ئوقيانووسيک ده بم له ناقايل بوون و

زيديک ده بم له گله يی و ره ت کردنه وه... (ل ٤٣)

تا بتوانی که سایه تی خوی بپاریزی، تا بتوانی حورمه ته پیشیل کراوه کانی توخمی مییینه عه کس بکاته وه، تا بتوانی نه‌هامه‌تی‌یه‌کانی ژن به‌رجه‌سته بکاته‌وه، تا بتوانی وینه‌یه‌ک بکیشی که کالا به قه د بالا بی و ری خوشکه ر بی به ره و پیشه وه، هه ر ئه م (نه ء) انه شه بوته مایه ی جه خت کردنه سه ر زیاتری شیعری که ژال ئه حمه د، ئه مه سه رباری زمانی شیعری و ته کنیکی هونه ری شیعری که شاعیر لیهاتووانه ئه م زمانه سفت و بی گری‌یه به ده سته وه ده گریت. ئه‌مه‌ش وای له که‌ژال ئه‌حمه‌دی شاعیر کردووه که نه‌ک هه‌ر دانه‌بری له بزافی شیعری کوردی ئه مرو، بگره رولی به رچاو بگیری له بردنه پیشه وه ی ئه م بزافه.

نووسه‌ری "ده‌ربه‌ندی به‌رمودا" هه‌ول ده‌دات واقیعیانه بروانیته دیارده‌کان و کیشه‌ی کومه‌ل، به سیاسی و کومه لایه تی یه وه، نه ده یه وی سیحر بنوینی و نه خوشی وا نیشان ده دات که سوپه ر هیرویه. به لکه مه غزای سیاسی شیعره کانی نیشانده ری هه لو مه رجی تیاژیاوی شاعیره له کومه لگه یه ک که کاروانی (هه له بجه _ ئه نفال _ کوره و _ شه‌ری ناوخو...) تیا تیده‌په‌ری. شاعیر خه‌می میلله‌تی کوردی به کوله‌وه‌یه. له‌وه‌ش دلنیایه که سیاسی‌یه‌کانی حیزبه کان خه ریکی بازرگانی کردنن به کیشه ی گه لی کورده وه.

ئه م ولاته ولاتی هه موو که سیکه

خاوه نه راسته قینه کانی خوی نه بن... (ل ١٠٣)

یان:

ئه ی کوردایه تی له کوی یه که سیاسی

حیزبه که ی خوی ده هینیت و

میلله ته که ی ته لاق ده دا؟... (ل ١٠١)

هه‌رچه‌ند که‌ژال ئه‌حمه‌د نه‌یتوانیوه خوی له‌و جیهان‌بینی‌یه قوتار بکات که له راستیدا هوکاریکه بو مانه‌وه‌ی هه لومه رجی ئیستا، ئه ویش جیهان بینی "کوردایه تی یه"، به لام ئه م نوبه ره یه ی که ژال هه لده گری زور زیاتری ده رباره بوتری. به لام با ئه م کورته ناساندنه ببیته ده روازه یه ک که خوینه ران بکه ونه گه شت به نیو گولزاری شیعره یاخی یه کانی "ده ربه ندی به رمودا".

***

# لە ئاستانەی دووهەزاردا

پشکو نە جمە دین

لە دە روازە ی دووهە زاردا، دە مویست بلیم:

ئە وە سە رم و کام منارە زور بلندە، لە و بە رزە وە هە لیواسن! من مە سیح نیم هە تا باوکم لە بە ر خاچدا، وا بە تە نیا جیمبهیلی! من خوم خودام! ئومەتیکم لە هیچەوە خولقاندووە! مندالانم ریگانادەن جەستەی پیروزم بە دارخاچەوە کرمە ریز بیت! پیچە وانە ی بوچوونە کە ی "حە زرە تی شیخ"، بە ئە مە کترن ئە ولادی ئە م عە سرە لە پدە ریان... روحی خویان دە کە ن بە خیر!

دە مویست بلیم:

ئە وە ملم! بە لام لە کوی جە للادیکتان دە ست دە کە ویت، کە تە ورە کە ی بارتە قای بالای میژوو بیت؟!

دە مویست بلیم:

لە زینداندا، نە هە ست بە تاریکی دە کە م نە بە ترس و نە تە نیایی. هە موو شە ویک بلیسە ی جە ستە ی بە ندی یە ک، زیندان دەکاتە چراخان... روحی دەیکاتە دیوەخان! من زیندان لە خوییم ناگری. من خوم خولقینە ری مە رگم. مردن لە بە ر چریسکە ی پر ئە فسوونی چاوانمدا "کە بە هە لە جاریک گوتم: بە چاوانی مە سیح دە چن!" بە چوکدا دیت!

لە دادگادا دە مویست بلیم:

هو خە لکینە!... بە چاوی خوتان دە یبینن کە چون خودا بە تومە تی ژیاندنە وە ی ئومە تە کە ی، لە قە فە زدا زنجیری مە رگ لە د ست و قاچی کراوە. دە بخروشین! ئە مە ئیتر روژی حە شرە!... دە مویست بلیم: من بە نیاز بووم جیڤارا لە لوچیکی گیرفانمدا بشارمەوە. ئاوی زەریا چورەبر بکەم، بیکەم بە تف، نیوچەوانی ئە و حاکمانە سواغ بدە م کە بە قە لغانی ژە نگگرتووی سولتان دە چوون!

دە مویست بلیم:

تە ماشاکە ن کە تفی خوا چە ند گە ورە یە و چون لافاوی هە موو دنیا نغرو دە کات!

دە مویست بلیم:

من خودام و بە لام پیچە وانە ی خودا، من بکوژن... ئومە تە کە م ئازاد بکە ن!

دە مویست بلیم:

من خودام و ئیوە موعجیزە بنوین! بە خوینە کە م ناسنامە یە ک بو ئومە تە کە م بنووسن! گە رە کم بوو... بە لام لە رزیم! خوا لە پیستمدا هە لفری!... یان لە کە ولی خوا هاتمە دە ر!

ئادە م لە تیکی سیوە کە ی نە خواردبا، لە بە هە شت وە دە ر نە دە نرا! ئە و شە یتان ناپاکیی لیکرد، منیش خودا! دە مویست بلیم!... کە چی گوتم: من بە ندە یە کی دلسوز و ئیوە ش سە روە ر... تە نیا سە رم بدە نە وە!!

***

هەواڵنامەی کتێب

# بیرەوەری لە دایکبوون

خالید بایە زیدی (دلیر)

کاتیک لە دایک بووم، دایکم کتیبیکی کون و زە ردهە لگە راوی لە پشت سە رم دانا تا مە بادا جندوکە لە گە ل خویان بم بە ن. هە موو شە ویک دە هات و لە ئە فسانە کانی ئە و کتیبە ی بو دە گیرامە وە تاکوو جندوکە زە فە رم پی نە بە ن و گویم پر بی لە بیدە نگی... وە هام لیهاتبوو کە تە نانە ت لە سیبە ری بیشکە کە شم دەترسام. هە ر کە چاوم لیک دە نان خەونی ئالوز و پەریشانم دەدیت... مار و دووپشک بیشکەکەمیان دەکردە هیلانەی خویان و جندوکە کان راکیش راکیش لە گە ل خویان دە بردم و هە ر کات نا کاتیک قیژە م لی بلیند دە بوو. تە واوی جە ستە م لە سە ر ئاو دە گە را....
دایکم بە هاواری "یا حە زرە تی غە وس، یا حە زرە تی غە وس... کورە کە میان برد...کورەکە میان برد..." دە هات و تاکوو بە یانی لە سە ر سە رم ئیشکی دە کیشا و لە چیروکی ئە و کتیبە ی بو دە گوتمە وە. بە یانیش زوو دە ییپیچامە وە و بە پە لە دەسڕەنجی باوکمی، کە بەیانی زوو تا شەو درەنگان لە مەعدەنی بەرد کریکاری دە کرد، هە لدە گرت و لە گە ل تە نە کە یە ک پە نیر بو شیخ و مە لای مزگە وت یا خانە قای گە رە کە کە مانی دە برد تا دوعایە کم بو بنووسن و چیتر مار و دووپشک بیشکە کە م نە کە نە هیلانە ی خویان و جندوکە کان راکیش لە گە ل خویانم نە بەن...
کاتیک کە دە مروانیە بە روک و شانم کە وە ک گە لای دار، دوعای پی هە لواسرابوو، باوکم وە بیر دە هاتە وە؛ گریانم بو دە هات کە چون ئاکامی ڕە نج و زە حمە ت و ئارە قی رژاوی دە چیتە گیرفانی شیخ و مە لای گە رە کەکە مان.

***

هەواڵنامەی کتێب

## هەواڵەکان لە کوردستان رادەگەیەنن:

سەردار عبدالله

## ئوتوموبیل و تاکسیەکانی کوردستان ئاوی موغەزیبان بو هەڵدەواسری!

گەماروی ئابووری بەسەر عیراق و کوردستان بەئاشکرا بە رووی هەموو شتیکەوە دیارە ئوتومیل و تە کسیە کانیش یەکیکن لەوان. مروف کە روخساری تاکسیەکان دەبینیت دلی پییان دەسووتی: پیخاوس، بی هە ناو و رە نگ و روخسار پی نە ماو، سە رە رای ئە مە ش با تە علیق و ناو و ناتوور و کوت پیوە کردنی گە نجە کانیش لە ولاوە بوە ستی؛ ئە م بی بە ختانە گە ر زوری خاوە نە کانیان لە سە ر نە بوایە ئە وا هیچ مە جبوور نە بوون ئە و هە مووە تە حە موول بکە ن، چونکە رە فیقی ئە وان لە ئە ورووپا لە سکرووت خانە کان خانە نشین کراوە.

ئە م بە دبە ختانە بو ئە وە ی بتوانن ری بکە ن و فشاری خوینیان لە وە زیاتر نە یە تە خواری، لە هە وراز و روژانی گە رمدا خاوەنەکانیان ئاوی موغەزیبیان بو هەڵدەواسن کە بریتیە لە تەنەکەیەکی گە ورە ی پر ئاو کە لە سە ر سە قفە کان دادە نریت و بە هوی بوریە کە وە ئاوی فینک دە گە یە نیت بە رادیتە ری داخ بوو، بە مە ش ئوتوموبیلی ماندوو و شە کە ت ئاهیک دیتە وە بە دلی دا.

ئە وە ی شایانی باسە ئە م دوزینە وە یە سە رە تا لە هە ولیری پایتە خت لە لایە ن فیتە رە شارە زاکانە وە دوزرایە وە بە بی کومە ک وهاوکاری کابینە کون و نوی یە کانی حکومە تی هە ریم؛ پاشان هە موو شارە کانی کوردستانی گرتە وە. هە لبە ت ئەم دوزینەوە زانستیەی کوتایی سەدەی بیست، جیگەی ریز و پیزانینە دەنا بەپیچەوانەوە دەبوو شەقامەکانی کوردستان لە بری ئوتوموبیل، گوی دریژ و عە رە بانە ی یایلی تارتارینی تیدا بکردایە!

## خیو و جنوکە لە کوردستان!

تە نیا هیرشی خیو و جنوکە کان مابوو بو سە ر کوردستان، ئە ویش دە ستی پیکرد!! کە نالی سە تە لایتی کوردستان لە ۹ ی ئە م مانگە دا رایگە یاند کە لە گوندیکی ناوچە ی "ئاکری" هاوولاتیە کی هە ژار بە ناوی عبدالله جبرائیل شە ش جار ئاگر لە ماڵەکەی بەربووە بەبی هیچ هویەکی دیاریکراو. ئەمەش سەرەرای ئەوەی کە پاش ئاگربەربوون لە ماڵە کە ی، پینج سە د مە تر دوورتر لە و شوینە مالیکی تر دروست دە کاتە وە. لە سە رە تاوە چە ند پسپوریکی جیولوجی لە زانکوی صلاحە دین پییان وابوو کە ئە وە گازی سروشتی ژیر زە ویە کە هاتوتە دە ری و بوتە هوی ئاگر کە وتنە وە کان، بە لام دوایی بویان دە رکە وت کە هیچ گازیکی سرووشتی لە ژیر زە وی ئە و گوندە دا بوونی نیە .

پاش هیوابران و دلە راوکیی خە لکی ناوچە کە بە زانا و پسپوران، لیپرسراوان پە نایان برد بو زانا ئایینی یە کان، چونکە پیشتر ئە و زانایانە دیاردە ی خورگیرانی مانگی ئوگستیان بە شیوە یە کی دروست لیک دابووە. زانا ئایینی یە کان هوی ئە و ئاگرکە وتنە وە یان دایە پال جنوکە و خیوە کان و مە سە لە کە یان یە کالاکردە وە بو هە موو لایە ک! جادیارە بە هوی ئە م بی عارییە ی جنوکە کان و خوپاراستن لە وە یشومە و خراپە کاریە کانیان، نرخی نوشتەو ئە بودوجانە یان بە تە واوی بە رز کردە وە.

وا پی دەچیت ئاژاوەگیری هەرئەو جنوکە نەعلەتیانە بیت کە کوبوونەوەکانی "دابلن"ی نیوان یەکیتی و پارتی بە ئە نجام نە گە یشت. هە روە ها بە دووریشی مە زانن کە سستی لە بە ریوە چونی کوبوونە وە کانی "واشنطن" دا هە ر کاری

ئه‌وان بیت. دواتریش بی گومان بن! هه‌ر ئه‌و چه‌ته‌ولانه‌ن که زوو زوو ده‌چنه بن کلیشه ی رابه ره کانه وه که ماوه نا ماوه ریگه به سه ربازانی تورکیا و ئیطلاعاتی ئیرانی بده ن بو ناو خاکی کوردستان!

***

هه‌واڵنامه‌ی کتێب